# گوڵکەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٠)

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/١٦


# قەڵای بانەمان دەبێتە ڕووگەی گەشتیاران



دیمەنێکی قەڵای خانزاد (بانەمان) لە دیوی پیرمامەوە

وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی

# 10 هەزار کەس

# بەهۆی نەخۆشێکی عەرەبەوە دێنە هەولێر

گەشتیاریی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە، یەکێکی بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکییە و ئەوی تریش بۆ ئارامیی دەروون و وەرگرتنی چارەسەریی سروشتییە لە هاوینەهەوار و ئاوە کانزاییەکان، هەولێر لە هەردوو بواردا پێشەنگە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، ساڵانە سەدان هەزار کەس بۆ ئەو دوو مەبەستە سەردانی شارەکە دەکەن.



وێنە: هێمن بابان

**دوین ئاریان**

لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر، ژمارەیەکی زۆری ریشسپیی عەرەب و گەنج و منداڵیش کۆ بوونەتەوە، دوای پرسیارکردن دەرکەوت هەموویان یاوەری یەکێک لە شێخەکانی سنووری شاری تکریتن کە بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی لە هەولێر کردووە، ئەو کۆمەڵە ڕیشسپی و گەنجە بەردەوام لە پێشوازی میوانان دان و بە (الله بالخیر) و (بارک الله فیک) فەرموویان لێ دەکەن.

یەکێک لە ڕیشسپییەکان بۆ (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە بۆچی لە تکریت شێخەکەیان نەبردووەتە نەخۆشخانە بۆ وەرگرتنی چارەسەری و بە بێئومێدییەوە دەڵێت نەخۆشخانەکانی عێراق وێرانن، هەرچەند پارەی زۆریش بدەیت، خزمەتگوزارییان وەک پێویست نییە بۆ نەخۆش و جێی متمانەیان نین.

ئەو شێخە عەرەبەی بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی لە هەولێر کردووە، نەشتەرگەریی گورچیلەی بۆ کراوە و ماوەی هەفتەیەکە لەو نەخۆشخانەیە خەوێندراوە، خزم و دۆست و ناسیاوەکانی بەردەوام بۆ دڵنیابوونەوە لە باری تەندروستی، سەردانی هەولێر دەکەن و دەچنە نەخۆشخانەکە.

ئەو پیاوەی قسەی بۆ (گڵکەند) کرد گوتی لەوانەیە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە خزم و دۆستی عەشیرەتەکەیان سەردانیان کردبن.

پێشکەوتنی بواری تەندروستی لە هەولێر بەتایبەت و هەرێمی کوردستان بە گشتی، بۆ چاکسازی لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە، د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گڵکەند) گوتی لە کابینەی نۆیەمدا، چاکسازیی گەورە لە سیستەمی تەندروستیدا کراوە و لەگەڵ تیمێکی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتیی خاوەن ئەزموون، نەخشە ڕێگای ڕیفۆرمی سیستەمی تەندروستییان لە هەرێمی کوردستان داڕشتووە.

بەپێی ئامارێکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لە هەرێمی کوردستاندا ١٤٥ نەخۆشخانەی حکومی و ئەهلی هەن کە (٨٣)یان حکومی و (٦٢)شیان ئەهلیین، بەردەوام خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە نەخۆشان دەکەن. لەو ژمارە نەخۆشخانەیەدا، ٢٧ نەخۆشخانەی حکومی و ٢٩ نەخۆشخانەی ئەهلی لە هەولێرن.

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرینگییەکی تایبەتی بە بواری تەندروستی و کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان داوە، لەو چوارچێوەیەشدا مانگانە نزیکەی ٢٤ ملیار دیناری لەو بوارە خەرج کردووە.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسی چاکسازی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دەرماندا ڕای گەیاند کە کەرتی تەندروستیی لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام دەیانەوێت باشتری بکەن. ئەو سەنتەرانەی بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە دەکرێنەوە ئامێر و کەلوپەلی پێشکەوتوویان تێدا دەبێت، هاوکات یارمەتیدەریش دەبێت بۆ هاووڵاتییانی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا وەکو شوێنێکی پێشکەوتوو، سەردانی ئەم سەنتەرانەی هەرێمی کوردستان بکەن.

هەرچەندە ئامارێکی دروست لەسەر هاتنی گەشتیاری تەندروستی بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بۆ (گڵکەند) گوتی، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٣ زیاتر لە ٢٥ هەزار نەخۆش لە دەرەوەی شاری هەولێر سەردانی نەخۆشخانەکانی هەولێریان کردووە.

ڕێبین فەتاح کە بازرگانێکی کەرتی تەندروستییە لە هەرێمی کوردستان، پێیوایە گەشتیاریی تەندروستی جگە لەوەی کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی ئابووریی کوردستان و گەشەسەندنی وەبەرهێنانی تەندروستی هەیە، هۆکارێکیشە بۆ دامەزراوە پزیشکییەکان کە زیاتر گەشە بە کاری خۆیان بدەن و بەدوای ئامێری پێشکەوتووتردا بگەڕێن.

ئەو بازرگانە دەشڵێت، کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان و ئامێرە پێشکەوتووەکان و هەرزانیی نرخ و پزیشکی تایبەتمەند، هۆکارن بۆ ئەوەی نەخۆشی شارەکانی عێراق ڕوو لە نەخۆشخانەکانی هەولێر بکەن.

بەتین سەلاح سەرپەرشتیی ژمارەیەک تاقیگەی پزیشکی لە شاری هەولێر دەکات، ئاشکرای کرد، ڕۆژانە ئەگەر ١٠ پشکنینی نەخۆش بکەن، ئەوا حەفت دانەیان ئەو نەخۆشە عەرەبانەن کە لە خوارووی و ناوەڕاستی عێراقەوە دێن، هۆکاری ئەمەشی بۆ بوونی ئەو ئامێرە پزیشکییە پێشکەوتووانە گەڕاندەوە، کە لە کوردستان هەن. نموونەشی بەوە هێنایەوە، هەندێک نەخۆشی عەرەب پشکنینیان لە هەولێر کردووە و دواتر بۆ دڵنیابوون، چوونەتە دەرەوەی وڵات لەوێ پشکنینیان کردووە، هەمان ئەنجامیان دەستکەوتووە، بۆیە نەخۆشە عەرەبەکان متمانەی زۆریان بە نەخۆشخانەکانی هەولێر هەیە.

---

## شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## ئەسکەندەنافیای عەبدولخالق سەرسام

شاعیری ناودار و ڕەوانشاد، عەبدولخالیق سەرسام، لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی زیاتری بە زەردەشت و ئاینەکەی دەدا، خۆیشی بە زەردەشتی دەزانی، هەر لە خۆشەویستیی زەردەشتیش بووە، کوڕەکەی خۆی ناو ناوە زەردەشت.

من سەرسامم خۆش دەویست و زۆریش ڕێزم لێ دەگرت، ئەویش بەهەمان شێوە، گاڵتەوگەپمان لە نێواندا زۆر بوو. پیاوێکی کوردپەروەر بوو، کوردایەتییەکەی بەم ساڵانەی دواییی تەمەنی، تا دەهات لە تۆخیی دەدا، زۆرجار وشەی سەیروسەمەرەی شی دەکردەوە و ڕیشەکەی دەهێنایەوە سەر زمانی کوردی.

من خۆم گوێم لێ بووە دەیگوت ڕەگەمای وشەی هەولێر لە (هۆوە+لێرە) هاتووە، واتا ئەوەتا لێرەیە، یان کە لە دوورەوە بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی بۆ بکەیت و بڵێیت شارەکە ئەوەتا لێرەیە، بۆیە جار جارە لە زمانی ئەوەوە هەر بۆ جەفەنگ، بەئامادەبوونی خۆی لێکدانەوەی سەیرمان بۆ وشان دەکرد و بەکەیفی خۆمان ڕیشەکەیانمان دەهێناوە سەر کوردی.

جارێکیان، میوانێکم هاتبوو، بە سەرسامم ناساند، هەر بۆ خۆشی دەستمان بە لێکدانەوەی وشان کرد و ڕووم کردە میوانەکە و گوتم: گوێمان لێ بووە، سەرسام وشەی (ئەسکەندەنافیا) بەوشەیەکی کوردی دەزانێ و بەپێی شیکاریی وی، ئەسکەندەنافیا لە هەردوو وشەی (ئەز+کەتمە+ناڤێ) هاتووە. مەجلیسەکە بە سەرسامیشەوە تریقانەوە!

زۆرن ئەو خۆشەویستانەی لێکدانەوەی سەیر بۆ ڕیشەی وشان دەکەن. برادەرێکم ناوی ڕەفعەت عومەرە بەردەوام دێتە کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان، عاشقێکی سەرامەدی ئەدەب و خوێندنەوە و کتێبە، لە هەشتاکان شیعریشی بڵاو دەکردەوە، لە بیرمە هەر ئەو سەردەمە شیعرێکی جوانی لە گۆڤاری (کاروان) وەشاند.

ڕەفعەت لێکدانەوەی بۆ وشەی (نینوی)ی عەرەبی بەچیرۆکێکی تەنزامێز بۆ گێڕامەوە، گوتی منیش ئەوهام بیستووە: سەردەمانی کۆن، چەند کوردێکی گوندەکانی دەشتی نەینەوا، هاوینێکیان بۆ کەیف و سەفا دەچنە دەو زێی مووسڵ کە ئەو کاتە دەوروبەری ئەوێ چۆڵەوانی بووە، لەوێ بارگەی لێ دەخەن، چەند ڕۆژێک لێی خۆشدێن و خۆیان لە خەڵکی گوند ون دەکەن، خزم و ناسیاو دەچنە دوایان، ئەوان لە شوێنەکە خۆشهاتوون کە دەوزێیەکی فێنک و دڵڕفێنە، پێشتر شوێنی خۆشی وایان قەت نەبینیوە! خزم و کەس دەیانگەنێ و پێیان دەڵێن: ئەرێ ئەوە ئێوە بۆچی نایەنەوە؟ ئەوانیش لێ خۆشهاتوون و دەڵێن (نایەینەوە) و ئێرە خۆشە، چەندی هەوڵیان لەگەڵ دەدەن، کەچی ئەوان ڕشت دەبن و دەڵێن (نایەینەوە). جا دەڵێن بە تێپەڕبوونی سەردەم و ڕۆژگاران، وشەی (نایەینەوە) وردە وردە سواوە و بووەتە ئەو (نەینەوا)یەی عەرەبی!

هەروەها جارانم لە بیرە کە دەیانگوت: حامۆرابی وشەیەکی کوردییە: (هەمی+ڕابن)!



وێنە: محەمەد شوانی

# یەک ملیار دۆلار

# لە چیای سەفین وەبەردەهێندرێت

پڕۆژەیەکی زەبەلاحی وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاری بۆ چیای سەفین بەڕێوەیە کە ئێستا لە قۆناغی داڕشتنی ماستەرپلاندایە و بڕیارە لەلایەن کۆمپانیا جیهانییە گەورەکانەوە بە بڕی زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری ئەمەریکی جێبەجێ بکرێت.

**هەژار مەجید**

سامان عارەب بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر لەبارەی پلانی ستراتیژیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی گەشتیاری بۆ (گڵکەند)ی ئاشکرا کرد، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەهاوکاریی دەستەی وەبەرهێنان کار لەسەر داڕشتنی ماستەرپلانی پڕۆژەی گەشتیاریی چیای سەفین دەکەن کە نموونەی نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرمایەکەی لە سەرووی یەک ملیار دۆلارە، هەموو ئەو پێداویستییانەی کە خزمەت بە کەرتی گەشتیاری دەکات لەو پڕۆژەیەدا هەن، هەروەها دەڵێت، بڕیارە ئەمساڵ دیزاینی ماستەرپلانەکە تەواو بێت، دواتر لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کە شارەزان لە بواری پەرەپێدانی گەشتیاری، پڕۆژەکە جێبەجێ دەکرێت.

سامان عارەب، هەروەها لەبارەی بەشەکانی تری وەبەرهێنانەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت زیاتر گرینگیی بەوەبەرهێنانی سەوز و پڕۆژەی دۆستی ژینگە دەدات، لەم بارەیەوە (سۆلار سیستەم) یەکێکە لە پڕۆژەکان کە بە سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر کارەبا بەرهەم دەهێندرێ بۆ ئەوەی جێگەی بەکارهێنانی سووتەمەنی بگرێتەوە.

هەروەها دەڵێت لە بواری سۆلار سیستەمدا، چەند کۆمپانیایەکی ناوەخۆیی و بیانی پرۆپۆزەڵیان پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی کارگەی دروستکردنی پەنەڵی بەرهەمهێنانی کارەبا لە تیشکی خۆر دابمەزرێنن، تاوەکو لە هەولێر ئەو پەنەڵانە دروست بکرێن و چیی تر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە نەکرێن، مەرجی مۆڵەتپێدانیش بەو کۆمپانیایانە ئەوەیە کە دەبێت دروستکردنی پەنەڵەکان بە براندی جیهانی بێت.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر ئەوەش دەخاتە ڕوو، دەستەی وەبەرهێنان زەوی بۆ بەشێک لە کۆمپانیاکان تەرخان کردووە، بۆ بەشێکی زۆریش لەو مادده خامانەی کە لە دروستکردنی پەنەڵ بەکار دێن سوود لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، پڕۆژەکە لە قۆناغی سەرەتاییدایە و پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ چەند کارگەیەک دەست بەبەرهەمێنانی پەنەڵ بکەن.

هەروەها دەڵێت، بە نووسراوی فەرمی گشتاندنیان بۆ سەرجەم وەبەرهێنەرەکانی کەرتی نیشتەجێبوونی سنووری شاری هەولێر کردووە، کە ڕێگری لە هاووڵاتیان نەکەن و ئاسانکارییان بۆ بکەن لە دانانی ئەو پەنەڵانە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.


بەرپرسەکەی وەبەرهێنان لە هەولێر باسیشی لە کارگەی ڕیسایکڵ کرد بۆ ئەو زبڵ و خاشاکەی لە نزیک هەولێر ژێر خۆڵ دەکرێن، لەم بارەوە دەڵێت، دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی ئیمزا کردووە، شوێنێک لە نزیک کانی قرژاڵە تەرخان دەکرێت ئەو زبڵ و خاشاکەی کە پێشووتریش خراونەتە ژێر زەوی دەردەهێنرێتەوە و ڕیسایکڵ دەکرێت.

ئەوەش دەخاتە ڕوو کە زۆرترین مۆڵەتی وەبەرهێنان لە بوارەکانی پیشەسازی، گەشتیاری و کشتوکاڵی دراون بەوەبەرهێنەکان، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤دا ٧١ پڕۆژەی وەبەرهێنان بەگوژمەی زیاتر لە دوو ملیار دینار لە سنووری شاری هەولێر ئەنجام دراون، ٪٦٧ی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیش لە هەرێمی کوردستاندا لە سنووری پارێزگای هەولێرن، هەروەها ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان ٦٢ هەزار هەلی کاریان بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕەخساندووە، چونکە بەپێی ڕێنماییی دەستەی وەبەرهێنان مەرجە هەر کۆمپانیایەکی بیانی و ناوەخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات و مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانی هەیە، ٪٧٥ی کرێکارەکانی هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بن، ئەو لە ٪٢٥ی دەمێنێتەوە کارمەندانی تەکنیکی و ئەندازیارەکانن.

هەروەها سامان عارەب باسی پڕۆژەی هەمواری یاسای وەبەرهێنان دەکات کە لە خولی ڕابردوو ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرا و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، چاوەڕێ دەکات لەم خولەدا هەموارەکە تەواو بێت، چونکە ئەو یاسایەی کە لە بەردەستە بۆ کاتی دروستبوونی دەستەی وەبەرهێنان زۆر باش بوو، بەڵام بۆ ئێستا ناگونجێت و بەپێویستی دەزانێ هەموارەکە بکرێت، کە ئاسانکاریی زیاتر بۆ وەبەرهێن دەکات.

دەشڵێت، خاڵی سەرەکیی هەموارەکە گرێبەستی هاوبەشە بۆ پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەت و کۆمپانیاکان بۆ ماوەیەکی درێژ، دەبێت گەرەنتی هەبێت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە پڕۆژەی ستراتیژی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە پلانی شەقامی ئۆتۆبانی نێوان شارەکان وەکو ئۆتۆبانی نێوان (زاخۆ- هەولێر) کە ١٨٢ کیلۆمەترە، پرۆپۆزەڵەکە دەستەی وەبەرهێنان ئامادەی کردووە و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە جێبەجێی دەکات کە هاوشێوەی وڵاتانی جیهان هاتوچۆی هاووڵاتییان لەم ئۆتۆبانە لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارە دەبێت.

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

# دۆغرەمەچی

لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا (عەبدولقادر دۆغرەمەچی)، بەرپرسی بەڕێوەبردن و خۆیەتیی شارەوانییەکان بوو، ئەودەمانە وەک ئێستا هەزارەها مودیر عام و ڕاوێژکار نەبوون! نامەوێ باسی پۆستە سەربازی و پۆلیسییەکانی ئەو زەمانە بکەم، کە زۆر زۆرن!

ئەو پیاوە بەهەیبەت بوو، خاوێن، ڕێکپۆش و نەرم، بەیانییان دروست لەگەڵ دەستپێکردنی دەوام دەچووە ژوورەکەی خۆی، لە کاتی دەوام نەدەهاتە دەرەوە، لە ژوورەوەش جگەرەی زۆری دەکێشا، میوانی نەدەهات، تەلەفۆنی بۆ نەدەهات، چونکە دائیرەکە تەنیا دوو خەت و دوو جیهازی هەبوو، هەردووکیان لە ژوورەکەی ئەو نەبوون! ناوی فەرمانبەرەکانی باش نەدەزانی، هیچ لە منداڵ و خزمەکانی لەو دائیرە نەبوون، بانگی کەسی نەدەکرد، هەرگیز میوانی نەدەهات، دەستی لە کاروباری دامەزراندن، سزادان، موقاوەلات، سلفەی بەڵێندەرەکان نەبوو! جاروبار بەیەکێک لە ئۆتۆمۆبێلە سپییەکانی دائیرەکە، دەهاتە دەوام و دەچووە ماڵ.

قادرە فەندی، باوکی پارێزەری ڕەوانشاد (ئیبراهیم دۆغرەمەچی) چالاکی قوتابیانی کوردستان و ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە لیستی پارتی بوو، (سیروان)ی کوڕی لەگەڵ من لە ئامادەیی ئەربیل قوتابی بوو، (فەرهاد)ی کوڕیشی ئەندازیار بوو، هەواڵی هەردووکیان نازانم!

ڕۆژانە لە سەعات هەشتەوە پۆست و بەریدی دائیرەکەی دەکردەوە، بە چەقۆ باریکە درێژەکە پۆستە نهێنییەکانی هەڵدەپچڕی، تێبینییەکانی لەسەر دەنووسین، پۆستەکانی تری ئیمزا دەکرد، بێ ئەوەی چاوی لە هیچ جیاوازییەک بێت، بێ ئەوەی بەرژەوەندیی لە هاتوچۆکاندا هەبێت، هەمووی ئیمزا دەکرد، بەڕێی دەکردن، دوانەدەکەوتن، مەبەستی دواخستن، شاردنەوەیەکی نەبوو، لەسەر هەموویان، لەسەر کاغەزە تەنکەکان، نەرم نەرم ئیمزا باریکەکەی دەکرد، مۆری ناو و مۆری ئیمزای نەبوو!

ئەو بەر لەوەی ئیمزایان بکات، سەیری ئەوەی دەکرد کێ نووسراوەکەی نووسیوە، لەلایەن کام بەش و سەرۆک بەشەوە نێردراوە، باش سەیری ئەوانەی دەکرد، ناو، ئیمزاکانی دەناسینەوە، متمانەی زۆر بوو، لاریی لەسەر ئیمزاکردنیان نەبوو، ئینجا ئاسوودە و دڵنیا ئیمزای دەکردن، بە دامەزراندنەوە، گواستنەوە، دانانی لیژنە، هەڵوەشانەوەی بڕیار، نۆژەنکردنەوە، بڕیارەکانی بەرزکردنەوەی پلە، مووچە، سزادان، پاداشت، سوپاسنامەوە، بەڵام ئەگەر نووسراوەکە یان پاشکۆ و فەرمانەکە پارەی تێدا بووایە، بە ژمارە دیناری لەسەر بووایە، سەرفکردنی یەک دیناریش بووایە، ئیمزای نەدەکرد، بەپەراوێزێکی جوانەوە لەسەری دەنووسی؛ تکایە بخرێتە پێش بەڕێوەبەر.



# چیرۆکەکانی پاس

# لە ئامانەوە تا کۆستەر

**نووری بێخاڵی**

"کیژێ سەبۆ، ئەمنا لەباتی هەردووکا لە پێش دایە، ئەتوو نەدەی!" دادە مەبەستی ئەوە بوو کە پارەی خۆی و دەستەخوشکەکەی داوە.

"کورم ئەتوو بە خۆ فیراری، لۆ پارێ منت دا؟" کابرا سەرباری چاکە، لە ترسی ئەوەی نەکا ئینزیبات و فیرارگر لەناو ئامانەکە بن، کونە مشکی لێ بووە قەیسەری و ئێستاش نەیزانی چۆن و بەدەرگا یان لە پەنجەرەکە دابەزی.

ئەمانە نموونەی دوو سەربووردە و نوکتەی خۆشی ناو ئامانە و ڕیمەکان بوون. ئێستاش کابرا لەناو کۆستەر و مینی پاس، مۆبایلی بەبناگوێی خۆی ناوە و گوایە قسە لەگەڵ کەسێک دەکات، وا دەزانێت لەمبەری چیا بۆ ئەو بەر، بانگی برادەرەکەی دەکات، هاوار دەکات و دەنگی ڕۆژەڕێیەک دەڕوات!

ماوەیەکە خوم داوەتە سواربوونی پاس و کۆستەرەکان، هەندێک جار لە ماڵەوە بۆ بازاڕ و بە پێچەوانەوە، هەندێک جاریش وەک کۆنجکۆڵییەکی ڕۆژنامەنووسی و بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکانی خەڵک، لە گەڕەکێکەوە دەچمە گەڕەکێکی تر و بەشی ڕۆمانێک چیرۆکم کۆ کردوونەتەوە!.

ڕاستییەکەی، ئێستاش ئەو هۆکارانەی هاتوچۆی گشتی پڕن لە چیرۆک، چیرۆکی خەمگین و ناخۆش، هیی خۆش و دڵگیریش، بڕێ جاریش تێکەڵەیەک لە هەردووکیان.

من کوڕی شار نیم، بەڵام بیرمە بەمنداڵی کە لە بێخاڵەوە لەگەڵ دایک و باوکم بۆ سەردانی ماڵە پوور و خاڵەکانم دەهاتینە هەولێر، جار جار ڕێک دەکەوت کە لە گەراج بە سواری (ئامانە) بچینە شوێنی مەبەست.

ئەو کات لەو هەولێرەی کە ئێستا خەریکە دووکەڵی ژەهراویی ئۆتۆمۆبێل دەیخنکێنێت و قەرەباڵغییش شەقامەکانی، کۆمپانیای گشتیی گواستنەوەی (سەفین) هەبوو و سەنتەرەکەی لە جێی ئێستای مێگا مۆڵ بوو. وێستگەی چاوەڕوانیی ئامانەش لە هەموو گەڕەکەکان هەبوو و لە کاتی خۆیدا ئامانەکان دەگەیشتن و دەڕۆیشتن.

ساڵ هاتن و چوون، دوا قۆناغی زانکۆم هەر لەو هەولێرە بەهاتوچۆی ناو ڕیمەکان لە نێوان بەشی ناوەخۆیی و زانکۆ تەواو کرد. ئەو کاتیش سەنتەری ڕیمەکان (پێیان دەگوت ساحەی ڕیمان) بەشێکی لای بازاڕی نیشتمانیی ئێستا و بەشەکەی تری لە کۆتاییی شێخەڵڵا بوو، نزیک شەقامی سی مەتری بەلای پردی سەیداوە. ئەم سەربووردەیەش بەزمێکە بۆ خۆی، ئاخر تا دەگەیشتمە کۆلێژ، دەبوو لە لای بازاڕی سوورچیانی سەر شەست مەتری بەڕیمێک بێمە لای گۆڕەپانەکە و لەوێش بە سواری ڕیمی مەنتکاوە، ڕێی کۆلێژم گرتبایە بەر.

زایەڵەی ناوەکانی ئامانە و نێرینە و مونشەئە و پەست و پاس و کۆستەر، ئێستاش کە مینی پاسی هاتووەتە سەر، لە زەینمدا دەزرنگێنەوە و هەر یەکێکیش لەوانە یادگارییەکیان هەیە.

ناوی پەستم کە وێ دەچێت هەر لە پاسەوە هاتبێت، لە باوکی ڕەوانشادم بیستبوو، نە بینیبووم و نە بینیشم، گوایە نیوەی زیاتری تەختە بوو. لە قۆناغەکانی تری تەمەندا و بەبۆنەی جیاواز، سواری ئەوانی تر بووم.

نێرینە لە خڕوخەپانییەکەوە هەر بەڕاستی لە نێری (تەگە)یەکی خڕوپڕی دەکرد. ناوی ئامانە کە دوور نییە هەر لەناوی (الامانة العامة للنقل والمواصلات) و مونشەئەش کە سەردەمی زانکۆی بەغدا بە ڕاکەڕاکەی دوایان، بۆ ئەوەی لەناو حەشاماتی عەسکەر بتوانین کورسییەک بگرین، ئارەقەی ڕەش و شینمان دەکرد، لەوانەیە لە (منشأة النقل والمواصلات)ەوە هاتبێت، دەنا چەندی هێنام و بردم، واتایەکم لە کوردیدا بۆیان نەدۆزرایەوە و باوەڕ ناکەم لە فەرهەنگانیشدا، ناو و واتاکانیم دەست بکەوێت کە ڕیشەکەیان بچێتەوە سەر زمانی دایک!

بەهەرحاڵ، هەموو ئەو شێر و ڕێوی هێنانەوەم بۆ دوو شتە:

یەکەم: ئەگەر ڕۆژنامەنووسی سەرکێش و کونجکۆڵکار هەبێت، بەشی ساڵێک، بابەتی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی کە خەمی خەڵک و خۆزگە و خەونەکانیانە، دەستی دەکەوێت.

دووەم: لایەنی پەیوەندیش لە حکوومەت ئەگەر بڕیارە پلانێکی تۆکمەی بۆ کاڵکردنەوەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی شار، پاراستنی ژینگە، بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی و خنکانی شەقامەکانی هەبێت، کەرتی گواستنەوەی گشتی ڕێک دەخاتەوە. بەمەش بە بەردێک دوو چۆلەکە دەپێکێت. لە لایەک خەڵک لەسەر کولتووری کەم بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل ڕادەهێنێت و لە لایەکی تریش دەرگایەکی تر بەسەر خەزێنەی داهاتەکەیدا دەکاتەوە.

واز لە میترۆ و ترام بێنن، وەکو تر، منی فەرمانبەر ئەگەر لەوە دڵنیا بم کە پاسێک لە شوێنکاتی خۆی دەگات و دەڕوات و بە ئاسانی دەگەمە دەوام، بۆ پێویستی نەبێت، سلف لە ئۆتۆمۆبێلەکەم نادەم و ڕۆژانەش لانی کەم دوو تا سێ هەزار دینار دەخەمە کۆشی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

# دیوەکەی دیکەی باغی شار

**دنیا سەبری**



وێنەکان: محەمەد شوانی

لە ناوەڕاستی قەرەباڵغترین بازاڕی شاردا، لە دووریی نزیکەی ١٠٠ مەتر لە قەڵات، ئافرەتانی خانەنشین لەناو باغێکی جوانی پڕ لە درەخت و گوڵ کۆ دەبنەوە و بەسەرهاتەکانی تەمەن و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

نزیکەی دوو ساڵە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی بەناوی سەنتەری خانەنشینیی ئافرەتانی هەولێر، لەناو (باغی شار) دا، لە تەنیشت سەنتەری خانەنشینیی پیاوان کراوەتەوە. لەو سەنتەرە، ئافرەتانی خانەنشینی هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان یەکتر دەناسن و یەکتر دەبیننەوە، بەدەم چاخواردنەوە و شیرینی خواردن و دانیشتنی پڕ لە پێکەنینەوە، یادگارییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە.

ئامینە ڕەشید، لەدایکبووی ١٩٤٥، ساڵانێکی زۆری تەمەنی بەمامۆستایەتی بەسەر بردووە و ئێستا یاریدەدەری بەڕێوەبەری سەنتەرەکەیە بۆ کاروباری ڕۆشنبیری. ئەو بوونی ئەو سەنتەرە بەگرینگ بۆ ئافرەتانی خانەنشین دەزانێت، چونکە ئەو ئافرەتانە پێشتر بەردەوام لە دەرەوە بوون و ئەگەر دوای خانەنشینبوون بکەونە ماڵەوە، تووشی خەمۆکی و چەندین دەرد و ژان دەبن.

کافیە ڕەئووف، سەرپەرشتیاری وەرزشیی خانەنشین و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی سەنتەری خانەنشینی ئافرەتان باسی ئەوەی کرد، ئافرەتان لەو سەنتەرە، جگە لە گێڕانەوەی یادگارییەکان و قسە و باسی ڕۆژانەیان، سیمیناری جۆراوجۆر ساز دەکەن و ماوە ماوەش بۆ خۆشیی خۆیان، بەکۆمەڵ گەشت بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان دەکەن.

ئەو سەنتەرە هەفتانە دوو ڕۆژ (یەکشەممە و چوارشەممە) کراوەیە. لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی سەنتەرەکەش، ئامینە ڕەشید باسی ئەوەی کرد، لە کاتژمێر ٩ی بەیانی سەنتەرەکە دەکرێتەوە تا ئێوارە، لەوێ جگە لە چا و قاوەی بەردەوام، نانی بەیانیان و نیوەڕۆش بۆ ئافرەتەکان ئامادە دەکرێت و تێچووی هەموو خواردن و خواردنەوەیەکیشیان، لەلایەن پارێزگای هەولێر و دەزگای خێرخوازیی بارزانی نەمرەوە دابین دەکرێت.

مەرجی سەرەکیی بوونە ئەندام لە سەنتەری خانەنشینیی ئافرەتان، خانەنشینبوونیانە و لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی سەنتەرەکەش کراوەتەوە تا ئێستا، ٤٨٠ ئەندامی هەیە و ژمارەکەش بەردەوام زیاد دەکات.

نسار جەمال نەقشبەندی، پێشتر یاریدەدەری ڕاوێژکاری یاسایی بووە و ئێستا خانەنشینە و بەردەوام هاتوچۆی سەنتەری خانەنشینیی ئافرەتانی هەولێر دەکات، ئەو بەپێویستی دەزانێ بودجەیەکی تایبەت بۆ سەنتەرەکەیان دابنرێت، چونکە جگە لە خەرجییەکان، چەندین چالاکیی تری وەک کۆکردنەوەی منداڵانی سەرشەقام، ئەنجام دەدەن.

بە گوتەی نسار نەقشبەندی، ئافرەتانی خانەنشین، ئەو سەنتەرە بە ماڵی دایک و باوکیان دەچوێنن، کە دەچنە ئەوێ زۆر ئاسوودە دەبن.




وێنە: عەبدولجەبار عەلی

# قەڵای بانەمان بووەتە ڕووگەی گەشتیاران

## قەڵای دێرینی بانەمان

دوای ئەوەی قەڵای دێرینی بانەمان نۆژەن کرایەوە، پەیژە و ڕێگەی سەلامەتی بۆ دروست کرا، ژمارەیەک وێنەگریش ئەو شوێنەوارەیان بۆ زەماوەندی بووک و زاوا بەکار هێنا، چەند هەفتەیەکە قەڵاکە بووەتە ڕووگەی گەشتیاران. لە چوارچێوەی گرنگیدان بە کەرتی گەشتیاری و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی گرنگی لە قەڵای بانەمان تەواو کرد، کە چەندین لایەنی گرتەوە، لەوانە دروستکردنی پەیژە و ڕێڕەوی سەلامەت بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و گەشتیاران. هەروەها سیستەمێکی ڕووناککردنەوەی مۆدێرن دامەزرا کە لە شەواندا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان بە قەڵاکە دەبەخشێت. ئەم هەنگاوانە، سەرەڕای پاراستنی ڕەسەنایەتی و شێوازی مێژوویی قەڵاکە، دەرفەتی باشتریان بۆ گەشتیاران ڕەخساند تاکو بتوانن وێنەی یادگاری لێ بگرن و چێژ لە سەردانی ئەم شوێنەوارە مێژووییە وەربگرن.

**زیرەک تاریق**

ئەم قەڵایە بڵندە کەوتووەتە دووریی ٢٢ کیلۆمەتری شاری هەولێر، لەسەر ڕێگای شەقڵاوە هەڵکەوتووە، بەرزییەکەی ٤٠ مەترە، وەک تاجێک لەسەری ترۆپکی گردێک دەدرەوشێتەوە، مێژووی دروستکردنی بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میر محەمەد و شازادە خانزاد لە میرنشینی سۆران (١٨١٣ – ١٨٣٣) دەگەڕێتەوە، کە بەیەکێک لە گرینگترین قۆناغەکانی مێژووی گەلی کورد دادەنرێت.

ئەندازیاری و هونەری بیناسازیی کوردی لەم قەڵایەدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕەنگی داوەتەوە. قەڵاکە لە دوو نهۆم پێک هاتووە، بە بەرد و قشڵ دروست کراوە، کە نیشانەی لێزانی و شارەزاییی پێشینانە لە بواری بیناسازیدا. چوار قوللەی بازنەییی قەڵاکە، نەک تەنیا بۆ مەبەستی بەرگرییە، بەڵکو جوانییەکی تایبەتیشیان بە نەخشەی قەڵاکە بەخشیوە.

لە ڕابردوودا قەڵای بانەمان وەک بنکەی سەربازی بۆ بەرگریکردنی لە هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی میرنشینەکە بەکار هاتووە، هەروەها بۆ چاودێریکردنی ڕێگای بازرگانی سوودی لێ وەرگیراوە.

ناوی قەڵاکە لە گوندی بانەمان وەرگیراوە، بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە نێو بازنەی سنووری جوگرافیی گوندی بانەمانەوە، ئەگەرچی بەشێک لە خەڵکی بەهۆی نزیکی قەڵاکە لە چیای خانزاد، قەڵای خانزادیشی پێ دەڵێن، بەڵام ناوی تۆمارکراوی فەرمیی قەڵاکە، بانەمانە.

ئەم قەڵایە توانیویەتی شکۆ و جوانیی خۆی بپارێزێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ گرینگیدان بە شوێنەوار و قەڵا دێرینەکان دراون، بەو مەبەستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێرەوە، بە دوو قۆناغ نۆژەن کراوەتەوە، قۆناغی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی پێ کرد کە بریتی بوو لە هەڵکۆڵین و ڕزگارکردن، چاککردنەوە و پاراستنی دیوارەکانی قەڵاکە، بەتایبەتی دووبارە دروستکردنەوەی قوللەی بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە کە تەنیا بناغەکەی مابووەوە. بۆ ئەمەش بەراوردیان بە چەند قەڵایەکی تری هاوشێوەی ئەم قەڵایە کردووە. وەک؛ قەڵاکانی دووین، سارتکە و دێرێ کە لەلایەن میرنشینی سۆرانەوە دروست کراون.

لە قۆناغی دووەمدا کە لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە دەستی پێ کرد، جگە لە چاودێریکردنی بەردەوامی قەڵاکە، گرینگیدان بوو بە قەڵاکە لە ڕووی گەشتیارییەوە، بۆ ئەوەی گەشتیاران بتوانن بە ئاسانی لە نزیکەوە سەردانی بکەن، ئەوە بوو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیژە و ڕێڕەو بۆ ئاسانیی هاتوچۆی سەردانیکەر و گەشتیارانی قەڵاکە دروست کرا، هەروەها سیستەمێکی ڕووناکی مۆدێرنیش بۆ قەڵاکە داندرا تا لە شەواندا بە جوانترین شێوە دەرکەوێت.

جەمال جەمیل ئەسعەد، بڕوانامەی دوکتۆرای لە شوێنەوار هەیە، فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر، یەکێک بووە لە ئەندامانی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای بانەمان، لەمبارەیەوە قسەی بۆ (گڵکەند) کرد و گوتی "ئەم قەڵایە لە سەردەمی میرنشینی سۆران یەک نهۆم بووە، بەڵام لە ساڵی سییەکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکاری لە بەشی سەرەوەی قەڵای بانەمان کراوە و کراوەتە دوو نهۆم و بەرزتر کراوە". ئەم شوێنەوارناسە بەڵگەی قسەکانی بەوە هێنایەوە کە هەموو ئەو قەڵایانەی لە سەردەمی میرنشینی سۆران دروست کراون قوللەکانیان تا سەرەوەی قەڵاکەیە، بەڵام ئێستا دەبینرێت لە قەڵای بانەمان بەم شێوەیە نییە و قوللەکانی نزمترن.

دوکتۆر جەمال ئاماژەی بەوە دا کە هەر شوێنەوارێکی دێرین، یاخود قەڵایەک نۆژەن دەکرێتەوە پێویستی بەچاودێریی بەردەوام دەبێت و دەڵێت "پێویستمان بە بودجەیەکی تایبەت و ستافی زیاتر دەبێت". بۆ ئاگاداربوون و پاراستن لە هەر حاڵەتێکی تێکچوون، لەناوچوون و داڕمانی قەڵاکە بەهەر هۆکارێکی سروشتی و مرۆیی بێت، بەزووترین کات چارەسەری بۆ بکرێت.

کاروان و ئیمان هاوسەری یەکترن، لە بیستەکانی تەمەنیاندا دەژین، منداڵێکی ساوای دوو مانگ لە باوەشی دایکیدایە، یەکەمین ساڵیادی هاوسەرگیرییانە. بەدڵخۆشییەوە لە هەولێرەوە هاتوون، بەجلی کوردییەوە خەریکی وێنەگرتن و تۆمارکردنی یادگارین لە بەردەم قەڵای بانەمان.

کاروان بۆ (گڵکەند) قسەی کرد، ئەو کاتانەی بۆ پیاسەکردن چوونەتە شەقڵاوە بە تەنیشت قەڵای بانەمان تێپەڕیون و ئەو قەڵایەیان بینیوە، بەلای ئەوانەوە زۆر سەرنجڕاکێش بووە، کاروان دەڵێت «زوو بڕیارمان دا لۆ ساڵیادی هاوسەرگیریمان بێینە قەراتی بانەمان وێنەی یادگاری بگرین».

خۆر ئاوا دەبێت و ورده ورده ئاسمان تاریک دادێت، ڕووناکیی قەڵاکە دادەگیرسێنن و لەنێو تاریکیی شەودا لەسەر گردێک قەڵای بانەمان بەباڵایەکی بەرز و دیمەنێکی درەوشاوە لە دوورەوە دەبینرێت.

---



عەبدولباسیت فەرهادی

# هاوینی 1980 لە دادگا بووین

کاتێک ساڵی ١٩٨٠ گەیشتینە قۆناغی چوارەمی زانکۆ، دەبوایە لە هاویندا بچینە دادگاکان و ئەوە بوو دوای دادگای بەرایی، چووینە دادگای باری کەسی لە هەولێرێ، کە قازی ئیبراهیم بەڕێوەی دەبرد، کەسێکی کوردپەروەری دەرچووی زانکۆی ئەزهەر بوو، زانیمان جەنابی مامی شاعیری گەورە عەبدوڵڵا پەشێوە، زیاتر خۆشمان ویست، دواتر یەکەم کەس بوو بڕیارەکانی دادگای باری کەسی بەکوردی نووسیەوە کە بووە مایەی گلەیی و ناڕەزاییی هەندێ لە پارێزەران و دادوەران بەتایبەتی ئەوانەی ڕقیان لە زمانی کوردی دەبووەوە.

هەرچەندە ئەو دەستەواژە و وشانەی قازی ئیبراهیم عومەر میکائیل بەکاری دەهێنان مەلایانە بوو، بەڵام بوێری و هەوڵی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بڕیارەکای دادگا کارێکی مەزن بوو وەک سەرەتایەک هەرچەندە دەڵێن تاکەسوارێک بەتەنیا تۆز ناکا.

ژمارەی داواکانی دادگای باری کەسی لە هەولێر زۆر نەبوون بۆیە بە قازییەک بەڕێوە دەبردرا، لەوێ چەندان فەرمانبەری زیرەک و چاپووکمان ناسی، مام عیزەدین شارەزای دابەشنامە شەرعییەکان کە نیو سەدەی تەمەنی لەناو دابەشکردنی بەشە میرات و موناسەفە بەسەر بردبوو.


هەر لەوێ مەلا ئەبوبەکرمان ناسی کە دەرچووی ئەزهەر بوو مامۆستا محەمەد عومەر میکائیل ئەویش برای قازی ئیبراهیم و دەرچووی ئەزهەر و فەرمانبەرێکی گەنجی قسەخۆش لەوێ کاری دەکرد کە دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی بەغدا بوو کاک جەوهەر جەلیزادە زۆر زانیاریی گرینگی فێر کردین و مام مەجید لەوێ بوو کە تۆمارە کۆنەکانی لابوو چەند تۆمارێکی پێ نیشان دام لەوانە تۆماری ژمارە (٥)ی دابەشنامەی شەرعیی ساڵی ١٩٥٧ گوتی بزانە ئەو خەتانە دەناسییەوە؟ کە سەیرم کرد ناسیمەوە خەتی باوکم بوون چونکە باوکم لەو ساڵانە لە هەمان دادگا نووسەر بوو.

ئەو کاتەی لە دادگای باری کەسی بووین داوای لێک جیابوونەوە و تەڵاق زۆر کەم بوو ژمارەیان (٤٠) داوا پتر نەبوو.

لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیری هەردوو لایەنەکە دەهاتنە دادگا و گرێبەستەکە دەکرا و هەندێ خێزانیش داوایان دەکرد قازی بچێتە ماڵەکانیان بۆ گرێبەستەکە دوای دانی بڕە پارەیەک کە بە یاسا دیاری کرابوو، ئەوکات مارەییی ئافرەتەکان کەم بوو کە دەیانگوت با شەرعی بێ تا زەکاتمان نەکەوێتە سەر ڕۆژێکیان کوڕە گەنجێکی قۆز و جوان کچێکی بەتەمەنی ناشیرینی مارە کرد بڕە مارەییەکەشی (١٠٠٠) هەزار لیرەی ڕەشادی بوو، ئەو بڕە پارە یان مارەییە زۆر زۆر بوو بۆیە دەنگی دایەوە لەناو فەرمانبەران و پارێزەران، ئافرەتەکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند و ناسراو بوو کوڕەکەش کەسێکی هەژار فەرمانبەرەکان دەیانگوت ئەو مارەییە بۆ ئەوەیە کوڕەکە بیر لە جیابوونەوە نەکا بەڵام دواتر دوای دوو ساڵ زانیمان ئەو خێزانە لێک ترازان و کوڕەکە هاوسەرەکەی تەڵاق دا، لە هەمان کاتدا کەسانی وامان بینی مارەییەکانیان بڕە پارەیەکی کەم یا قورئانێک یا چەپکە گوڵێک بوو کەچی ژیانێکی پڕ چێژ و خۆش و منداڵی ژیر و چاکیان بوو.

## ئاشی مام خدر سەدەیەکە باراش لێ دەکات

# کۆمپانیا ئینگلیزییەکە دەیەوێ بیباتە مۆزەخانە


**شلێر سەعید**

شوێنەوارە دێرینەکانی کۆیە زۆرن، ئاشی مام خدر یەکێکیانە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە هێشتا کار دەکا و پیشاندەری ڕووەکی جوانی ژیانی جارانی شارەکەشە کە نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیوە و تا ئەمڕۆش باراش دەهاڕێ.

ئەم ئاشە کۆنەی کۆیە لە ١٣ی شوباتی ١٩٢٨ لەلایەن ئەمین ساڵحەوە دامەزراوە، مام خدر ئەمین ساڵحیش کە بە مام خدری ئاشەوان ناسراوە و لە ساڵی ١٩٣١ لەدایک بووە، ئاشەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە و هەر بەناوی ئەویشەوە ناوبانگی دەرکردووە، چونکە ماوەی ٧٦ ساڵە سەرپەرشتیی ئاشەکە دەکات.

دەگوترێت ئاشی مام خدر، یەکەمین ئاشی ئاگری بووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، کە تاوەکو ئەمڕۆش لەکار نەکەوتووە و هاووڵاتییانی سنووری قەزای کۆیە تا ئێستا بۆ لێکردنی باراش ڕووی تێ دەکەن.

ئەم ئاشە دەکەوێتە ناو سەنتەری شاری کۆیە، بەرانبەر قشڵە، لەسەر ڕووبەری ٨٠١ مەتر دووجا دروست کراوە، ئامێر و کەلوپەلەکانی ئەم ئاشە لە بەریتانیاوە هاوردە کراون.

زانا خدر کوڕی مام خدرە، دەڵێ "حاجی ئەمینی باپیرم لەگەڵ کۆمپانیایەک بەناوی (ڕیستۆن لین کۆڵن ئینگلاند) بەماوەی ١٠ ڕۆژ ئەم ئاشەیان دامەزراندووە".

دەشڵێ ئەوان تا ئێستا لەو ئاشە کار دەکەن، خەڵک باراش دەهێنن و بۆیان دەهاڕن. مەکینەی ئاشەکەیان بە نەوتی دیزل کاری دەکرد، بەڵام ئێستا نییە و بە گازی شل کاری پێ دەکەن.

زانا خدر گوتیشی لە ساڵی ٢٠١٧، لە ساڵی ٢٠١٨ و ساڵی ٢٠٢١یش کۆمپانیای دامەزرێنەری ئاشەکە نوێنەریان ناردووە بۆ کۆیە، یەکەم جار کە دیتیان ئەو ئاشە بەو شێوەیە ماوە، دەستیان کرد بەگریان، هەرسێ جار ویستوویانە ئاشەکە ببەنەوە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون بیاندەنەوە، لەبەرئەوەی ئاشەکە بووەتە ناسنامە و شوێنەوار بۆ کۆیە و بۆ خانەوادەی مام خدر.

دەشڵێ هەرچەندە قازانج و داهاتی ئەو ئاشە زۆر نییە، بەڵام لە پێناو مانەوەی تا مردن کاری پێ دەکەن و دای ناخەن.

زانا خدر گوتیشی: ئاشەکە بە پێنج قایش ئیش دەکات و نزیکەی سەدەیەکە لەکار نەکەوتووە، جاران باراش زۆر بووە، خەڵک بە ١٠ ڕۆژ ماوەتەوە تا نۆرەی هاتووە و باراشەکەی لێ بکات.

---

## مام ناسح باتمانێك پەنیری ناوچە شاخاوییەکانی بە پێنج دینار دەکڕی

# هاوردەکراو ناتوانێ ڕکابەریی پەنیری کوردی بکات

**گڵکەند**

سەرباری هەبوونی چەندین جۆر پەنیری هاوردەکراو لە بازاڕەکاندا، هێشتا پەنیری کوردی بەها و گرینگیی جارانی ماوە و تا ئێستاش بەشێکی سەرەکییە لە سفرە و خوانی بەیانیانی هەولێر، لە کۆنیشەوە بەشێکی سەرەکیی بازاڕی قەیسەری تایبەت بووە بەساغکردنەوەی پەنیری کوردی و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەو بازاڕە جمەی دێت لە کڕیار

ناسح محەمەد بەقاڵ، تەمەن ٩٠ ساڵ، لە قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە، زیاتر لە حەفتا ساڵە لەو بازاڕە کاری پەنیرفرۆشی دەکات، ئەو کە پیشەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، وەک خۆی دەڵێت، باوکی ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی خۆرانی دەڤەری خۆشناوەتی هاتووەتە هەولێر و لە بازاڕی قەیسەریی دەستی بە پەنیرفرۆشی کردووە.

ئەو لەبارەی سەرچاوەی هاوردەکردنی پەنیری کوردی بۆ بازاڕەکانی شاری هەولێر دەڵێت، لە کۆنەوە ساڵانە لە وەرزی پایزدا بەمەبەستی کڕینی پەنیر، دەچن بۆ لای ئەو ڕەوەندانەی کە لە ناوچە کوێستانییەکانی وەکو سیدەکان و باڵەکایەتی سەرقاڵی ئاژەڵ بەخێوکردنن، دەشڵێت، ئەو کەسانەی پەنیر لە ڕەوەندەکان دەکڕن پێیان دەگوترێت بەقاڵ.

هەروەها باس لە باشترین جۆری هەوێنی شیری پەنیری کوردی بۆ (گڵکەند) دەکات و دەڵێت: «باشترین هەوێن شیلکی مەڕییە کە نەرم و چیرە، لە کن قەسابەکان دەینین و لە گوانی حەیوانی دەردەینین، پاش ئەوەی وشکی دەکەینەوە، پارچەکی ئەو شیلکەی دەهاوێینە ناو شیری هەوێنەکەی کە پەنیری لێ دروست دەکەین».



ئەو ئاوەی کە لە پەنیرەکەش دەمینێتەوە دەیکورێنن و هەندێک شیری تێ دەکەن دەبیتە لۆر، ئەگەر ئاوەکەشی وشک کرد دەبیتە ژاژی.


ئاماژە بەوەش دەکات کە لە پێنج کیلۆ شیر کیلۆیەک پەنیر دروست دەبێت، هەروەها بۆ پارێزگاری کردن و ڕێگری لە ماوەبەسەرچوونی، هیچ ماددەیەکی کیمیایی لەگەڵ تێکەڵ ناکرێت، تەنها هەندێک خوێی پێدا دەکرێت دواتر دەخرێتە ناو کیسەی گەورە و پاشان لە ئامێری ساردکەرەوە هەڵدەگیرێت، بەڵام نابێت بگاتە پلەی بەستن، چونکە پەنیرەکە ورد دەبێت، دەشڵێت، پێشووتر کە ئامێری ساردکەرەوە نەبوو، دەخرایە ناو پیستی ئاژەڵ و لە ژوورێکی حەسار دادەنرا، لە ژێریدا حەسیر ڕادەخرا.

هەروەها دەڵێت، شیری مەڕ لە باشترین جۆری شیرە بۆ دروستکردنی پەنیر، بەتایبەت ئەگەر لەوەڕەکەی لە ناوچە کوێستانەکان بێت تامی شیرەکە خۆشتر دەکات، وەک مام ناسح ئاماژەی بۆ دەکات، خواستێکی زۆر لەسەر پەنیری کوردی هەیە، تەنانەت خەڵکی پارێزگاکانی تریش دێنە لای ئەوان بەمەبەستی کڕینی پەنیر، دەشڵێت، ئەوەی فێری خواردنی پەنیری کوردی بێت پەنیری تر ناخوات، چونکە خواردنێکی تەندروستە.

ناسح بەقاڵ لە تەمەنی لاویدا لەسەر پشتی وڵاخ ڕێگا سەخت و ناوچە شاخاوییەکانی بڕیوە بۆ پەنیر کڕین، باتمانێک کە دەکاتە (١٢ کیلۆ) پەنیر بە پێنج دینار مامەڵەی پێوە کراوە، هەر جارێک کە چووە بۆ ئەو ناوچانە نزیکەی ١٥ ڕۆژی ویستووە تا گەڕاوەتەوە هەولێر، بەڵام ئێستا تەمەن بە جۆرێک زەفەری پێ بردووە تەنانەت ناتوانێت ڕۆژانە وەک پێویست سەردانی دوکانەکەشی بکات، لە بریی ئەو کوڕەکانی کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن.

## سەربارى هەموو دەردەکانى حوزنى

# باسى سەرەتاى هەڵگیرسانى شۆڕشى بارزان



دەستووری استبداد


وە رەوشتی وەخووی ئەو لە کوردستاندا

٤ کانوون ٢ ، ١٩٤٤

حوزنی موکریانی مامم بەسەرهات و هێندێک لە ڕووداوانی گرنگی سەردەمی خۆی لە نێوان ساڵانی سی و تا نێوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لەکات و شوێنی جیاوازدا نووسیوە. حوزنی لەژێر نێونیشانی (سەربارى هەموو دەردەکانم)دا باس لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ی کردووە، هەڵبەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو جموجۆڵ و دەنگۆیانەی ئەوسا بڵاوبوونەتەوە و ئەو هەواڵانەی، کە دراون بۆ ڕێککەوتنی ڕژێمی بەخدا لەگەڵ بارزانی نەمردا و هەروا ئەو کەسایەتییانەی لەونێوانەدا بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنیدا دەوریان بینیوە*. ئەم بابەتەگرنگەی بەردەست لە دەستنووسێکدایە، کە٧١ لاپەڕەی قەوارە ٢٦X٢٠ و بە نێونیشانی (دەستووری ئیستیبداد و ڕەوشتی وە خووی ئەو لە کوردستاندا)یە. حوزنی لەژێرەوەی نێونیشانەکە ڕێکەوتی ٤ی کانوونی ٢ی ساڵی ١٩٤٤ی تۆمارکردووە.


کوردستان موکریانی





**(سەربارى هەموو دەردەکانم!)**

لە مانگی ئەیلولی ١٩٤٣ دا لە ڕەواندز بووم، دەنگ دەرچوو، کە مەلا مستەفای بارزان لە سلێمانییەوە چۆتە کوردستانی موکریان. لەپاش چەند ڕۆژێک بیستمانەوە، کە گەیشتە بارزان و لە نزیک ناحییەی مێرگەسۆر دایە و شەش کەسی لەگەڵە. هەر هێندەمان زانیوە قاقەزانی بۆ کاربەدەستەکانی عیراق نووسی، کە ئەم پیاوە تەمای خراپەکردنی نییە و دەیەوێت لەنێو قەومەکەیدا بە ئاسوودەیی دانیشێت، چونکوو ئەمە نزیک دە ساڵ پتر لە شاراندا سورگوم بوو، برسی و ڕووت و پەرێشانکرابوو، برسییەتی و دەستتەنگی ناچاری کرد، کە فیراربکات. ئێستاش هەروەکو گەلێک پیاوە گەورەکانی عیراق، کە لە وەختی خۆیدا سەرکێشییان کردبوو، عەفووکرابوون. ئێستەش عەفوو بۆ هەموو بارزانییەکان دەرخەن و شێخ ئەحمەد و ئەو پیاوانەی لە مەنفان بەریان بدەن.

بەوجۆرە قاقەزی بۆ هەموو کاربەدەستەکانی عیراق نووسی، لە بری جوابی بدەنەوە، سەعیدی غەفوور قایمقامی بلە خەڵکی سلێمانی پەی دەرپەی چتی خراپی لە حەقیدا دەنووسی و مەجید بەگ یەعقووبی متەسەرفی موسڵ، بۆ لەشکرکێشی هانی حکومەتی دەدا. یەکێکیان بەچاکە و مەسلەحەتپەروەرانە نەچوونە پێشەوە. ناچار ستەمزەدە و جەوردیدەکانی دەستی زوڵم یەک و دوو هەڵاتن و لەسەر مەلا مستەفا کۆبوونەوە.

من لەو دەمەدا، کە بۆ خۆم لە ڕەواندز تەنگەتاوکرابووم، هەستام هاتمە بەخدا وەکوو لەلاپەڕەکانی پێشوودا لێی دوام، موراجەعەتی گەلێک کاربەدەستانم کرد، کە لەڕووی ئینساف و عەدالەتەوە فریابکەون و مەیدان نەدەن بەوە، کە ئەو مەسەلەیە بڵاوبێتەوە، ڕۆژێک پێشتر پێشی پێ بگیرێت باشترە، چونکوو هەموو فەردێکی کورد لەمەدا مەدخەلدار و پڕشکی ئاوری لە هەموو کەسێک دەپرژێ، هەرچەند کۆشام بێسوود بوو. هەتا دوامین، ڕۆژ بەڕۆژ فرەبوو، ڕووی لە گەورەبوونکرد. لەهەردوولاوە کوردی بێکەس دەکوژران. سوپای حکومەت، کە دەچووە سەر مەلا مستەفا هەر کورد بوو و لەشکری مەلا مستەفا هەر کورد بوو، دوو برای کورد بەرامبەر بەیەک کوژتاریان لێکدەکرد، کەسێک لە گەورەکانی کورد، یان کاربەدەستەکانی حکومەتەکان ئاوی تەدبیر و ڕەحمیان بەو ئاگرە نەکرد، کە بیکوژێنێتەوە. کەسێک نەکەوتە نێوانی، کە بە مامەڵەت دایمرکێنن.

بەڵێ ئیش و شەڕ و کوژتار برووزی ئەستاند، لە پۆلیس و سەربازی حکومەت کوژرا. یەک لەدوای یەک مەخفەرەکانی شورتەی حکومەت کەوتەدەست کوردەکانی بارزانەوە. بەڵێ مەلا مستەفا هێز و نەیرووی زۆربوو، بەڵام ئەمە هەموو لەبەر بێئیداری کاربەدەستانی حکومەت و بێکەسی کوردان ڕوویدا. حکوومەت نەیکرد پیاوانی مەعقوولی کارلەدەستهاتوو بنێرێت و بیکوژێنێتەوە. هێنای پیاوێکی بێنفوزی بێئیعتیباری وەکو مەلا تاهیری خەتێی خەڵکی ڕەواندز – کاتب دووەمی مەحکەمەی ناردە لای مەلا مستەفا، بەشپرزەیی گەڕاوە، سێ جار ئەو پیاوەیان نارد. لە پاشان پووشۆی کوڕی سەید تەها و نوری باویل ئاغایان ناردە کنی، ئەویش وەنەبوون ئیعتیبارێکیان هەبێ و قسەڕەوابن، کە بتوانن ئیش بەرهەم بکەن. شەش جار، نووری هاتووچۆی کرد، بێسوود بوو. لە پاشان نووری یەکی مانگی کانوونی یەکەم (١٩٤٣) هاتە بەخدا.

ڕۆژی ١٠ ی مانگی کانوونی یەکەم (١٩٤٣) شێخ ئەحمەدیان لە حللەوە هێنایە بەخدا. تەکلیفیان لێکرد. شێخ ئەحمەد، خالدی کوڕی خۆی ناردە لای مەلا مستەفای برای و قاقەزی بۆ نووسی و چەند گەورەیەکی دیکەش قاقەزیان پێدا. شێخ خالد و موعاونێکی شورتە هەستان چوون لەدوای چەند ڕۆژێک لە بارزان مانەوەیان. لەم دەمەدا وەزارەتی عیراق تەبدیلاتێکی تێکەوت عومەر نەزمی بەگ — کوردی کفری کرا بە وەزیری داخلییە و ماجد بەگ مستەفا کرا بە وەزیری بیلا وەزارەت و ئەمین زەکی بەگ کرا بە ئەعیان. بۆ تەشەبوس و دامەزراندنەوەی بارزان ماجد بەگ تەعەهودی کرد.

بەڵام لەم دەمانەدا لە عاسیمە و شارەکانی کوردستاندا بەیاننامە بڵاوکرانەوە لە لایەنی زەعامەتی عولیای کوردانەوە، حکومەت بۆ ئەمەکەوتە تەقەلاوە، لەپاش ئەوە بوو وەزارەت تەبەدولاتی تێکەوت.

لە ڕۆژانی دوامینی مانگدا شێخ خالد لە بارزان گەڕاوە. ماجد بانگیکردە لای خۆی. نوری باویل و ڕەئیس ئەوەل عزەت بەگ کوردی عمادی لەگەڵ ناردنە (حلله) و چاویان بە شێخ ئەحمەد کەوتوو گەڕانەوە بەخدا. هەتا ڕۆژی ٣١ ی کانوونی یەکەم مەسەئەلە لە موزاکەرە دابوو. ڕۆژی ٣١ نوری باویل و سمکۆی کوڕیان بۆ ڕەواندز ناردەوە، بۆ سبەینێ ماجد بەگ و عزەت بەگ و سەید عەزیز مولازم ئەوەل کوڕی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی ڕوو بە کوردستان چوون و موقەدەم ئەمین ڕەواندزیشیان برد.

بەڵێ ئەو هەموو هەرا و کێشەی کورد هەرجۆرێک بێ لە دڵی مندا کاریگەر و بە ئێش و ژان و ئازاربوو. هەردەمە لێوردبوونەوەیەکی بۆ من بارگرانێکی دەرد و ئەزیەتم بوو. بۆچی دەبێ کورد لەمەدا بێدەنگ بوونایە و زوو نەکەوتبانایە نێوانی مەلا مستەفا و حکومەتەوە و نەیان هێشتایە کار بگاتە ئەم پایەیە.

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم (١٩٤٤) دا ماجد مستەفا، کە ببوو بە وەزیری بێوەزارەت چووە کوردستان و چووبووە کەرکوک و هەولێر و موسڵ و چووبووە ڕەواندز و لەگەڵ مەلا مستەفای بارزان ڕێککەوتن. ئێمە لە بەخدا بیستمانەوە، کە هەرای بارزان دوایی پێدرا و نزیک سەد تەن گەنم و جۆش درا بە ئەهالی بارزان، بەڵام ڕاستییەکەی لە ئێمە نادیاربوو.

دەنگەدەنگی بەخدا هەر ڕۆژە ڕەنگێک بوو، هەردەمە ئاوازەیەکی دەداوە، ڕاستەقینەکەی هیچ ئاشکرانەبوو. ڕۆژی ١٢ ی کانوونی دووەم ١٩٤٤ ماجد بەگ لە کوردستانەوە گەڕاوە بەخدا. وامانزانی لە مەجلیس وزەرادا ببوو بە هەرا و مامەلەتەکانی ماجد پەسند نەدەکرا و لەوە پتر هیچ چتێکمان بۆ دیار نەبوو، کە بزانین دوامینی مەجلس لەسەرچی بڕاوەتەوە. هێندێک ئەفسەرەکانم دین، کە لە مەیدان گەڕابوونەوە، ئەوانیش هەر دەیانگوت زۆر بە باشی هەرا دواییهات، بەڵام چ باشێک؟

من لەم دەردەدا دەکوڵام و لەنێو جەرگی خۆمدا دەبرژام، کە ئێمە بۆچ وا تووشی زوڵم و ئیستیبداد بووین. لە هەر لایەک بکوژرێ هەر کوڕە کوردی بێکەس و بێپشتیوانە. خۆبەخۆمان بەکوشت دەدەن. من لەنێو ئاگری پەنهانی ئەم دەردەدا دەسووتێم لە ناکاو ڕۆژی ٨ ی کانوومی دووەم (١٩٤٤) دوو قاقەزی لەسەریەک لە عەبدولڕەحمان (گیو)ی برام وەرگرت، کە (ڕ. ن.) جاسووسی ئیستخباراتی هەولێر ئیخبارێکی دوورودرێژی لێداوەتە دایرەی شورتە و هەڵیانچنیوە.

ڕۆژی بیست و نۆی کانوونی دووەم (١٩٤٤) تەلەگرافی ئامر فەوجی ڕەواندزم دی، لە وەزارەتی دیفاعی خوازتبوو ئیزن لە مەلا مستەفای بارزان وەربگیرێ بۆ ئەوەی ڕێگای ڕەواندز و مێرگەسۆر چاکبکرێتەوە.

* بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: مسعود البارزاني، الحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ اب ١٩٨٦.

# ماڵبارکردنی ئەو کیژە قژ زەردەی لە کەلێنی دیوار تەماشام دەکرد



## سەباح عەبدولڕەحمان

## یادگەی خۆم وەک خۆی

من لەناو خێزانێکی خوێندەوار پەروەردە بووم.. لۆ خۆشم منداڵێکی چاوکراوە و زیرەک بووم.. لە کۆڵانەکەی خۆمان کە لە پێنج ماڵ پێک هاتبوو تەنها ئێمە کارەبامان هەبوو.. کارەباکەی ئێمەش لە سێ گڵۆپ پێک هاتبوو. یەکیان گەش و ڕووناک بوو لە ژوورە گەورەکە دووانەکەی تریان یەکێکیان لە حەوشە و هەیوانەکەی ئەوی تریشیان لەسەر دەرگای دەرەوە کە نێو کۆڵانەکەی ڕووناک دەکرد. ئێمە کۆتا ماڵ بووین لەو کۆڵانەی کە دەرچووی نەبوو. لە تێکڕای ئەو دە ماڵەی کەوتبوونە پشت بەندینخانە تەنها سێ ماڵی دەوڵەمەند و خواپێداو هەبوون ماڵی شەریف جامباز کە کەوتبووە بەرامبەر سینەمای سەلاحەدین، ماڵی حاجی قەرەنی و ماڵی حاجی نورەدینی کوتاڵفرۆش، ئەوانەی تر کاسبکار و سەنعاتکار بوون.

بەهۆی تەسکی و تەنگەبەریی کۆڵانەکان منداڵانی گەڕەک ناچار دەبووین بچینە باخچە بچووکەکەی تەنیشت قەزای ئێستا کە ئەو کاتە (موتەسەڕفیە) بوو، هەموو گەمە و تۆپ تۆپێن و کەلایانێمان لەو شوێنە بوو هەندێ جاریش من کورتە چیرۆکی چاپکراوم بۆ برادەران دەخوێندەوە، بەتایبەتیش چەندانێکمان ئارەزوومەندی خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک بووین. زۆرجار پارەی ڕۆژانەمان گل دەداوە بۆ ئەوەی ئەو نامیلکانە بکڕین کە لە پەڕتووکخانەی (سەربەستی) دەستدەکەوتن، هەر لەو تەمەنەم نیشانەکانی بەهرەی هونەریم لە هەڵسوکەوتم دەردەکەوتن. هەستی سۆزداریم وەک هەرزەکارێک کەوتبووە گەشە. دید و بیرکردنەوەم گەنجانە و بەسەر تەمەنمەوە بوو. ئەو سەردەمە من لە پۆلی پێنج پەڕیبوومەوە بۆ شەش، سەربانی ماڵەکان لە گەڕەکە هەژارەکان هەموو لە پاڵ یەک و بەناوبڕی کەرپووچ و خشتی گلین لەیەک جیا کرابوونەوە، هەندێ جار ئەو ناوبڕە نزمانەش نەبوون یا بە کۆنە چیغێکی قەمیش و شەفلەدار جیا دەکرانەوە.

خەڵکی بەمتمانەییێکی زۆر دراوسێیەتیان دەکرد. چونکە دزی و خراپەکاری بە دەگمەن ڕووی دەدا. ئەگەر کەسانێکی خراپی لەو جۆرە لە گەڕەکێک هەبوایە زۆر بەئاسانی ئاشکرا دەبوون، بۆیە ئەوانیش لە گەڕەکی خۆیان ئەو کارانەیان ئەنجام نەدەدا.

من بیرەوەریم لەگەڵ سەربانەکەی خۆمان هەیە کە جاروبارێک بەمەبەستی خوێندن، بەتایبەتیش لە وەرزی بەهار لە سێبەر دیوارەکان پاڵ دەکەوتم، دەنگی ئەو منداڵانە سەرنجی ڕادەکێشام، بەتایبەت کیژۆڵە عازەبەکان کە دەیاندا حریتەی پێکەنین و ئاڵوگۆڕی قسە و باسی خۆیان دەکرد. لە کەلێنی دیوارەکە چاودێریم دەکردن وەک ئەوەی فیلمێکی ورووژێنەر ببینم. زۆر سەودای یەکێکیان بووبووم. قژێکی زەرد و چاوێکی سەوز و ڕووخسارێکی یەکجار شیرین. هەوەس و تەماحی چاوم ئەویانی جیا کردبووە لە کچانی تر. جاروبار ئەو بەدڵداچوونە پاڵی دەنام کە بچمە بەر دەرگایان کە کەوتبووە کۆڵانی پشتەوە لە چاوەڕوانی ئەوەی لەبەر دەرگا بیبینم، بەڵام زۆری نەخایاند و ماڵەکەیان گواستەوە، نەشمزانی بۆ چ گەڕەکێک، ئەو تەمەنەی هەرزەکاریم واتاکانی دڵداری و خۆشەویستی نەبوو، دیاردەییێکی سروشتیی گواستنەوە بوو لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ هەرزەکاری.

منداڵێکی زۆرزان بووم، هەر باس و خواسێک لە دانیشتنێکدا بکرایە زۆر بەدیقەت گوێم لێ ڕادەگرت و لە مێشکمدا لێکدانەوەم بۆ دەکرد، وێنەی کەسەکانم دەگواستەوە گەنجینەی مێشکم و لە کاتی پێویست وێناییم دەکرد. پڕ توانا بووم لە گێڕانەوەی سەربووردە و ڕووداوەکان بە لاساییکردنەوەییێکی پوخت و بەرجەستەکردنێکی دروست. بۆیە لە ئەڵقەی دانیشتنەکانی برادەران هەر خۆم پێشەنگ و ڕابەر بووم، ئەگەرچی زۆر جار تووشی بەسەرهات و تەنگژەی ئازاربەخش دەبووم. لە نێوان خۆمان نازناومان بۆ یەک دانابوو. بە منیان دەگوت (چەگەنە) بە ئەحمەد جامبازمان دەگوت (چەلۆ) بە عوسمانی برایمان دەگوت (عارەب) بە جەمال سەرتاشمان دەگوت (دەوڵەت)، ژیانی منداڵیم ڕەگوڕیشەی دروستبوونمە. سەربووردەی هەر وێستگەییێک ئاماژەیە بۆ بەشێک لە بنیاتی ڕامان و بیرکردنەوە و هەنگاونانم ڕووەو ئەمڕۆی هەبوونم وەک هونەرمەندێکی بواری نواندن، بەمەعریفەتی ئێستام ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئەکتەر بەهرەکەی بنەمای سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهێنانێتی، دواتر زانیاری و ڕاهێنان و شارەزایی و ئەزموونی کار و لێهاتووی جەستە و دەنگ و جووڵە.

لەو ڕۆژگارەی کە دوای پیکەبی شووتی دەکەوتم و لە خۆفڕێدانێ دەست و پێیەکانم لە عەرز دەخشان و دادەماڵان. ئەوە فێر بووم کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانم لە ئازار و ئەشکەنجە و ماندووبوونم نەترسم.

باخچەییێکی خنجیلانە لە تەنیشت قەزای ئێستای هەولێر نزیکی کۆڵانمان بووبووە بارەگای کۆبوونەوە و گەمە و زۆرانبازی. هەندێ جاریش دەورمان لەیەک دەدا و چیرۆک و حیکایەتمان دەگێڕایەوە. خۆم تاقانە بینیبوو قبوڵم نەبوو هیچ کەسێک ڕێگری و ڕکابەریم بکات. شەڕانگێز نەبووم بەڵام ناحەقی و غەدرم لە کەس قبوڵ نەبوو. ڕۆژێکیان دوکتۆر جەعفەر حەمەد قادری پسپۆڕی کەپوو و قوڕگ کە ئاوەزی خۆم بوو بەڵام لە من بە لاشە گەورەتر بوو. لەسەر کەلایانێ دەمەقاڵیمان بوو. ئەو هەموو کەلاکانی لە عەرزەکە کۆ کردەوە و ڕای کرد. منیش دەستم دایە بەردێک و ڕام وەشاندێ. بەرد بە لاسەری کەوت و هاواری لێ هەڵسا و خوێن بە بناگوێیدا هاتە خوار. منیش بە غار خۆم گەیاندە ماڵێ. زۆری پێ نەچوو جەعفەری برادەرمیان هێنا بە گریان بۆ گلەیی و ئاگادارکردنەوەی ماڵی ئێمە.

خوشکەکانم باوەشیان تێ گرت و خوێنی چڕوچاویان سڕییەوە و سەد جار منیان بە قوربانی کرد و بە داکیان دەگوت با باوکی بێتەوە بزانە کو دارکاریی دەکا و تەمبێی دەکات. من لە ترسان چووبوومە سەربان. بەڵام هەستم ڕاگرتبوو دایکی جەعفەری دەیگوت نا خوشکم نا بە وەستا ڕەحمانی مەڵێن هەر ئەو کوڕەی هەیە. با ئەزیەتی نەدا. هەتا لە پشت دەرگای حەوشە بزر بوو هەر دەیگوت ئەمە جیرانین کەسی یەکترین چ نەبوو، ئەوانە منداڵن، ئەورۆ بەشەڕ دێن سبەی پێک دێنەوە.

ئەو کەتنەیان بۆ تەپس کردم و هەواڵەکە نەگەیشتە وەستا ڕەحمانی باوکم، بەڵام دوای بەسەرچوونی ساڵانێکی دووورودرێژ کەوتمە بەردەمی سزای ئەو تاوانەم، لە هەشتاکان من لە ڕێگای هونەرەکەم وەک دەرهێنەر و ئەکتەر و نووسەر ناوبانگم دەرکردبوو، جەعفەری برادەریشم بووبووە دوکتۆرێکی پسپۆڕی کەپوو و گوێچکە و قوڕگ، منیش هەر لە منداڵییەوە ناوە ناوە تووشی قوڕگ هاوسان دەبووم و ئازارێکی زۆری دەدام، ڕۆژێکیان لە شەقامی پزیشکان چاوم دەگێڕا بۆ تابلۆی نۆرینگە پزیشکەکان ناوی دوکتۆر جەعفەر حەمەد قادرم کەوتە بەرچاو، یەکسەر ڕەفاقەتی کۆنی منداڵیم هاتەوە یاد، چوومە عیادەکەی و سرەم تۆمار کرد، کە نۆرەم هات و چوومە ژوورەوە بێ یەک و دوو باوەشی تێ کردم و چاک و چۆنییێکی گەرمی لێ کردم، هەر بەدەم وەبیرهاتنەوەی یادگارییەکانی منالێمان وتی چ خێرتە؟ خۆ نەساغ نی؟ گوتم دوکتۆر تووشی قوڕگ ئێشانێکی خراپ بوویمە و بێزاری کردووم. گوتی سانایە هەر ئێستا پشکنینت بۆ دەکەم و چارەسەرت دەکەم.

دوکتۆر دەستی دا ئامێرێکی لە شێوەی چەقۆ، کە هاتە پێش لایتەکەی ئاراستەی ناوزارم کرد گوتی کاک سەباح ئەوە ڕۆژەکەیە کە حەقی خۆمت لێ بسێنمەوە منیش گوتم وەڵا دوکتۆر هیچ چارەم نییە. ئەوە ملی من و ئەوەش چەقۆی دەستی جەنابت. هەر بەدەم پێکەنینەوە گوتم بەڵام دوکتۆر لە بیرت نەچی دایکی ڕەحمەتیت لە سزا عافی کردم ناکرێ جەنابت ئەمڕۆ پابەند نەبیت بەو لێبووردنە، پاشان درێژەمان بەو سوعبەتانە دا و بەراوردی ڕۆژگاری منداڵیمان کرد، ئەو هەموو خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و دابونەریتە جوانەی ئەوکات بەسەردەمی ئەمڕۆی دڵڕەقی و بێ بەزەیی.



# "قەمبور دزی"

## فیلمەکان چارەکە سەعاتێک یان زیاتر، بەدەم فیکە و هاتوهاواری بینەرانەوە، دەبڕان

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

جاران، سینەماکانی هەولێر پەنایان وەبەر کورتکردنەوەی کات و ماوەی فیلمەکان دەبرد، فیلم هەبوو بەتایبەت هیندییەکان، پتر لە نیو سەعات تا چل دەقەیان لێ دەبڕی یان دەپەڕاند. فیلمی تریش کەمتر. هەوڵیش دەدرا پتر ئەو دیمەنانە لاببردرێن کە دیالۆگی زۆریان تێدایە. بەڵام ئەو کارانە، دەبوایە بەجۆرێک لە مۆنتاژی سەرەتایی، بە ئامێرێک، لەلایەن ئیشپێکەری مەکینەکەی سینەماوە بکرێ و دیمەنەکان لە شریتە سلیلۆسەکەی فیلمەکە بقرتێنرێ و دەربهێنرێ.

بەڵام لە سینەما حەمرای جاران ئەو کارە نەدەکرا، کرێکارەکەی سەر ئامێری پەخشی فیلمەکە کەی حەزی لێ با و بیویستبا، لە شوێنێک پەردەی شاشەکەی تاریک دەکرد و فیلمەکەی چارەکە سەعاتێک یان زیاتر، بەدەم فیکە و هاتوهاواری بینەرانەوە، تێ دەپەڕاند.

بینەران یەک بەدەنگی خۆیان هاواریان دەکرد، قەمبور دزی قەمبور دزی، وەک ئاماژەیەک بۆ خاوەن سینەماکە، کە مرۆڤێکی خاوەن پێداویستی تایبەت بوو. لە خانەوادەیەکی دیاری هەولێر بوو بە ناوی سەید مستەفا.

ئەو ساڵانێکی زۆر سینەما حەمرای بەڕێوە دەبرد و بووبوو بەئایکۆن و ڕەمزێکی دیار لە شاری هەولێر.


جا ڕۆژ و جار نەبوو لەو سینەما حەمرایە، لە کاتی پێشاندانی فیلم، دیمەنەکانی ناو فیلم، نەپەڕێنرێ و خەڵک هاوار نەکات قەمبور دزی و فیکە لێ نەدەن.

هەرچەندە، کارەکە بە ئەمری ئەو بوو کە بە کرێکاری مەکینەی گوتووە، کاتەکە کەم کەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا گوناهی ئەو نەبوو کە کرێکارەکە بەو شێوەیە، کارەکەی ئەنجام دەدا. مەبەستیش لە دزین ئەوە بوو کە فیلمەکە بەتەواوی پێشان نادەن.

ئەو دیاردە و حاڵەتە لەو سینەمایە بەردەوام بوو، تا ئەو بەڕێزە خوا لێی خۆش بێت سەید مستەفا، سینەماکەی بەڕێوە برد، کە لە ناوەڕاستی شەستەکان تا ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام بوو، دواتر سینەماکان، بەشێوەیەک دیمەنە زیادەکانی فیلمەکانیان بە تەسەوری خۆیان بۆ کورتکردنەوە، بەمۆنتاژێکی سەرەتا دەردەهێنا، کەس لە کاتی نمایشی فیلمەکان، هەستی پێ نەدەکرد و ناچار نەبوون فیکە لێ بدەن و هاوار بکەن.




## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# لاوك

لاوک جۆرەکە لە هونەری گۆرانی گۆتن کە پێناسەی جیا جیای لۆ کرایە، ئەسعەد عەدۆی فۆلکلۆرناس دەربارەی لاوک، نووسیتی: «ئەو سەربردە قارەمانیەتییەیە یان ئەڤینییەیە کە سەروبنی گرێ دراوە و مرۆڤی کورد دەگەڕێنیتەوە ڕۆژانی ڕابردوو، لە دۆڵ و چیاوە تا مەیدانی جەنگ و مان و نەمان و بەرهەڵستکاری دوژمنکاران و داگیرکەران و جێژوانی ڕۆڵە داوێنپاکەکانمان، لەناو دیوەخانی براگەوران و پیاوماقووڵان، لاوک زامی کۆن دەکولێنێتەوە و دەشمانباتە ڕۆژانی ڕابردوو»، مێژووی لاوک زۆر کەونە و ناتانین بە سانایی دیاری بکەین، لۆیێ توێژەرانی ئەو بوارەی پێیان وایە لەوەتی کورد هەیە لاوکیش هەیە، لاوک زۆر جار وەسفی کیژەکی دەکا و بە بەژن و بارا و وەفای هەردەدا بەرامبەر بەکەسەک یان خۆشەویستەکەی، زۆر جاریش وەسفی گەنجەکی یان پیاوەکی ئازا دەکا کە بەرامبەر دوژمن دەوەستێتەوە، هەندەک جاریش وەسفی سەرکردەکی کورد دەکا و بە ئازا و قارەمان وەسفی دەکا لە بەرامبەر دوژمن، وەکی لاوکی شێخ مەحموودی کاوێس ئاغا (١٨٨٩-١٩٣٦) لە سییەکانی سەدەی ڕابردی گۆتیتی و تۆماری کردییە.

کانگای لاوک دەڤەری بادینانە، بەران هەندە جار پەلی هاویشتووە و گەیشتیتە هەولێرێش، ئەوەی لە بادینان لاوکی دەرێ پێی دەرێن: دەنگبێژ، بەران لە هەولێرێ پێی دەرێن لاوکبێژ، لاوک تانیتی ژمارەکی زۆر لە چیرۆکەکانی کوردیی کەون و تازە بپارێزی، چونکە زۆربەی زۆری لاوکەکان چیرۆک و بەسەرهات لەخۆ دەگرن، لاوک چەندین جۆری هەیە، وەکی مێژوویی و قارەمانی و ئەڤینی و سوارچاکی و شەڕوشۆڕ و تارانکردن و پەیمان و وەفاداری و غەریبی و پێهەردان و هاندان و دەخالەت (عەدۆ، ٢٠١٥، ٥١٤)، لە هەولێرێ کۆمەرەک لاوکبێژ هەبوون، کە بە بادینی و سۆرانی لاوکیان گۆتییە، لەوانە: کاوێس ئاغا، کە خاوەن دەنگەکی خۆش و لاوکزانەکی بەتوانا بووە، خۆی لاوکی دانایە و گۆتیتی، لاوکی شێخ مەحموود، یێکەکە لە لاوکە دیارەکانی کوردستان، کاوێس ئاغا داستانی قارەمانیەتیی شێخ مەحموودی بەرامبەر بە ئینگلیزی تۆمار کردییە، حوسێن کێشکەیی یێکەکی دییە لە لاوکبێژەکانی شاری هەولێرێ، زۆر جار لاوکی کاوێس ئاغای دەگۆتەوە، حوسێن کێشکەیی پێی وابوو ئەو دەنگی لە کاوێس ئاغای خۆشتر و تیژتر بوو، بەران کاوێس ئاغا بەخۆی لاوکی دادەنا و زۆر جار لە چایخانەی مەچکۆی یان عەلی فلەیحی دادەنیشت و لاوکی دەگۆ، حەسەن لاوکیش (بابی هونەرمەند چەتۆ حەسەن) کە دانیشتووی گوندی عەوێنەی بوو، لاوکزان و لاوکبێژێکی بەتوانا بوو، بە لاوکی چەتۆی ناوی دەرکردبوو، لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگەکان دەیگۆتەوە، ئەو لاوکە لە سەرەتای حەفتاکان دەنگۆیەکی زۆری پەیدا کردبوو، تەنانەت بە کاسێت لە زۆربەی ئەو مارانەی کە گێگری لاوکی بوون هەبوو، هەروەها زێڕین خانی داکی چەتۆی، یێکەک بووە لە لاوکبێژە دەنگخۆشەکانی ئەو سەردەمەی و تەنانەت زۆر جار لاوکی لۆ حەسەن لاوکی مێردی ڕاست کردیتەوە، هەندەک جار مشکۆ هەولێریش لە بۆنەکان لاوکی گۆتییە.

# یەکەم کافتریای پشیلە کرایەوە

دنیا سەبری

لەگەڵ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و پێشڤەچوون و ئاوەدانییەی کوردستانی گرتووەتەوە، دیاردەی نوێ و بازاڕی جیاوازیش پەیدا دەبن، دوای ئەوەی دەیان قاوەخانە شارەکەیان تەنی، دواجار قاوەخانەیەکی تایبەت بە پشیلەش لە هەولێر کرایەوە. ئێستا پشیلەکانی هەولێر دەتوانن بەیاوەری خاوەنەکانیان سەردانی قاوەخانەیەکی تایبەت بەخۆیان بکەن، لەوەش زیاتر خەڵکیش دەتوانن سەردانی ئەو قاوەخانە تایبەتە بکەن و لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو پشیلانەدا پەیدا بکەن و کاتی پشووی خۆیان پێکەوە بەسەربەرن.

ئایە عەبدولناسر (٣٠ ساڵ) و ویسام مونیب (٢٦ ساڵ)، دوو ئەندازیاری سوورین، بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی وڵاتەکەیانەوە پەنایان بۆ هەولێر هێناوە، توانیویانە ئارەزوو و خولیای تەمەنیان بەدی بهێنن و پرۆژەیەکی سەرکەوتوو لە هەولێر بکەنەوە.

ئایە و ویسام لە ساڵی ٢٠٢٢ لە هەولێر کافتریایەکیان بەناوی (Furry Cat Cafe) کردووەتەوە کە لە دوو بەش پێک دێت، بەشێکیان بۆ پشیلە و بەشێکیش بۆ خاوەنی پشیلەکان. ئەو کافتریایە تاکە کافتریایە لە کوردستان و عێراق، کە تێیدا بەشێک تایبەت کرابێ بە پشوودان و خزمەتکردنی پشیلەکان.

ئایە بە زەردەخەنەیەکەوە، لێدوانی بۆ (گڵکەند) دا و ئاماژەی بەوە کرد، لە منداڵییەوە هاوڕێیەتیی پشیلە دەکات، "پشیلە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا هەبووە و دۆستی دڵسۆزی یەکتر بووین".

ئایە لە کۆلێژی ئەندازیاری، بەشی دیزاینی ژوورەوەی خوێندووە و ئەو پسپۆڕییەش ڕێگای خۆش کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ویسام مونیب بیر لە دروستکردنی کافتریایەک بۆ پشیلە بکاتەوە، وەک خۆی دەڵێ، کردنەوەی ئەو کافتریایە پەیامێکی وشیارکردنەوەشە بۆ کۆمەڵگە تاوەکو بە چاوێکی بە سۆزتر لە ئاژەڵەکان بڕوانن.

ویسام مونیب کافتریاکە بەڕێوە دەبات، کە تێیدا جگە لە هاوبەشەکەی، چوار کرێکاری تر هاوکاریی دەکەن و خزمەتی پشیلەکان و خاوەنی پشیلەکان دەکەن. نرخی چوونە ژوورەوە بۆ کافتریاکە ٦٥٠٠ دینارە و خزمەتگوزارییەکانیش بۆ پشیلەکان، پاک و خاوێنی و خواردنی تایبەت لەخۆ دەگرن، سەرەڕای دەرمان و پێکوتە، خاوەنی پشیلەکانیش لە شوێنێکی جیا و سەربەخۆ، دەتوانن بەئاسوودەیی داوای خواردنەوە و شیرینییەکان بکەن. ئایە باسی لەوە کرد، ماوەیەکی زۆر خەریکی پلان و بەرنامەدانان بوون، "دەبوایە هەموو وردەکارییەکان لەبەرچاو بگرین، لە دیزاینی ناوەوە بۆ پشوودانی پشیلە و خاوەنەکانیان، بۆ دابینکردنی بنەماکانی سەلامەتی و خاوێنی، بەردەوامیش هەوڵی پێشخستنی کافتریاکە دەدەین".

ئەو دوو ئەندازیارە، توانیویانە نزیکەی ٣٠ پشیلەی جۆراوجۆری وەک پشیلەی شیرازی، بەریتانی، سکۆتلەندی، سڤینکسی فیرعەونی و پشیلەی ناوەخۆی کوردستان پەیدا بکەن و کافتریاکەیان کردووەتە مۆزەخانەیەکی زیندووی جوانترین پشیلەکان.

ویسام مونیب جەختی لە گرتنەبەری ڕێکار و ڕێنوێنیی پزیشکی و خاوێنی لە کافتریاکەیان کردەوە و ڕای گەیاند "ڕۆژانە کافتریا دەرمانڕشێن دەکەین، چاودێریی تەندروستیی پشیلەکان دەکەین و پێکوتەی تایبەتیان دەدەینێ".

جگە لە هاووڵاتیانی کوردستان، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆری بیانی کە لە هەولێر دەژین، بەخۆیان و پشیلەکانیانەوە سەردانی کافتریاکەی ئایە و ویسام دەکەن، هەم خۆیان و هەم پشیلەکانیان کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.


وێنە: هێمن بابان

سەلامەتیی پشیلەکان لە کارە لە پێشینەکانی کرێکارانی کافتریاکەیە. ئەو کرێکارانە ئەزموونیان لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بەمرۆڤەکان و چاودێریکردنی پشیلەکان هەیە. لەوێ یاسا و بنەمایەکی گرینگ و کۆنکریتی هەیە، کە هیچ بەهانەیەک بۆ هەڵگرتنی پشیلەکان بەبێ ویستی خۆیان یاخود بێزارکردن و ترساندنیان، قبووڵ ناکرێ.

ئەو کافتریایە، تەنیا شوێنێک نییە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو سەکۆیەکی مرۆڤایەتییە بۆ نیشاندانی سۆز بۆ ئاژەڵەکان.

ئەوان پشیلە سەرگەردان و بێ خاوەنەکانی شەقام لە خۆیان دەگرن، شوێنێکی تایبەتیشیان هەیە بۆ ئەو کەسانەی نایانەوێ چیی تر پشیلە بەخێو بکەن و پشیلەکانیان بە دیاری دەدەنە خەڵکی تر.

ئایە و ویسام هەر بە بەڕێوەبردنی کافتریاکەیان نەوەستاون، بەڵکو بەهاوکاریی قوتابخانەکان، خولی تایبەت بۆ منداڵان دەکەنەوە تاوەکو لەسەر خۆشەویستیی ئاژەڵ ڕایان بهێنن و نەوەیەکی هاوڕێ و دۆستی ئاژەڵ پەروەردە بکەن.

ئایە عەبدولناسر ئارەزوو و خولیای گەورەتری بۆ ئایندە هەیە، ئەو لەگەڵ هاوبەشەکەی هەوڵی کردنەوەی لقی نوێی کافتریاکەیان لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق دەدەن، ئەو بە هیواوە دەڕوانێت و دەڵێت: "دەمانەوێ ببینە سەرچاوەی ئومێد بۆ ئاژەڵدۆستان".

هاوکاری و هەمانگیی لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی تایبەت بەچاودێریی ئاژەڵان، یەکێکی ترە لە پلانەکانی ئایە عەبدولناسر و ویسام مونیب. ئایە گوتی: "پلانمان هەیە خولی تایبەت لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ پشیلە بۆ میوانەکانمان بکەینەوە و ئاژەڵدۆستی زیاتر کێش بکەین".

# نیپاڵییەك لە هەولێر چێشتخانەیەك دەکاتەوە

سوها کامل

نزیکەی ١٢ ساڵە دیراج سونار، چێشتخانەیەکی خواردنی نیپاڵی لە شاری هەولێر کردووەتەوە و ڕۆژانە خەڵکی ئاسیایی و بیانییەکانی نیشتەجێی هەولێر و بەشێک لە خەڵکی هەولێریش سەردانی دەکەن، تام و چێژی خواردنی کولتووریی نیپاڵی تاقی دەکەنەوە.

سونار، پیاوێکی نیپاڵیە و زیاتر لە ١٥ ساڵە لە شاری کاتماندۆی وڵاتەکەیەوە ڕووی لە هەولێر کردووە و نزیکەی ١٢ ساڵیشە چێشتخانەی (نیپاڵیی ئانیشا)ی لە عەنکاوە کردووەتەوە.

لە چێشتخانەکەی ئەو پیاوە نیپاڵیەدا، چەندین خواردن و خواردنەوەی نایابی نیپاڵی وەک مۆمۆ (هەویری بە سەوزەوات)، کولی لیرا (نیسک و برنجی کوڵاو بەهەڵم)، تارکاری (گۆشتی کوڵاو بە بەهارات)، مانگۆ لاسی (خواردنەوەی تێکەڵی مانگۆ و ماست) و دال بەهات (شۆربای دانەوێڵەی کوڵاو بە بەهارات)، پێشکێش بە میوانان دەکرێت و جێی ڕەزامەندییانە.

سۆنار بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرماوسۆڵە، نیسک لەسەر شێوازی نیپاڵی ئامادە دەکات، کە تامی گۆشت و چەندین جۆری بەهاراتی وڵاتەکەی تێ دەکات و بۆن و بەرامەکەی تەواوی چێشتخانەکە و دەورووبەری پڕ دەکات.

ئەو پیاوە نیپاڵییە پێی وایە خواردن هەر تەنیا خوو و هۆگرییێکی ڕۆژانە نییە، بەڵکو تام و شوێن و ئەو کەسانەی لەگەڵیان نانەکە دەخۆین، دەبنە یادگاری. ئەو ئاماژەی بەوەش کرد، چێشتخانەی ئانیشا کەشێکی نیپاڵیی لە هەولێر، دروست کردووە. باسی ئەوەشی کرد، هاووڵاتیانی کورد بەهۆی تام و چێژی خواردنەکان و ڕەخساندنی کەشێکی وا کە هەست بکەن لە نیپاڵن، حەز بەخواردنی نیپاڵی دەکەن و کاتێکی خۆش لە چێشتخانەی ئانیشا بەسەر دەبەن. نەوا گەنجێکی خەڵکی هەولێرە و زوو زوو لەگەڵ هاوڕێکانی سەردانی چێشتخانەی ئانیشا دەکەن و زیاتر خواردنی مۆمۆ (هەویری بەسەوزەوات)، دەخۆن. ئەو شانازی بە کرانەوە و سەرکەوتنی چێشتخانەیەکی نیپاڵی لە هەولێر دەکات و دەڵێت ئەو چێشتخانەیە ڕۆحی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی دابونەریتە جیاوازەکان، لە هەولێر، نیشان دەدات.

تاریقیش گەنجێکی عەرەبە و بە سەردان هاتووەتە هەولێر، گەشتەکەی بە دەرفەت زانیوە بۆ تاقیکردنەوەی خواردنێکی ئاسیایی و سەردانی چێشتخانەی ئانیشای کردووە، پێی وایە شوێنەکە سادە و گەرموگوڕە، بەشێوەیەکی جوان پێشوازی لە میوان دەکەن و کارمەندەکان بەردەوام بەزەردەخەنەوە وەڵامی دەدەنەوە و خزمەتیان دەکەن.


ئەو گەنجە عەرەبە لە چێشتخانەی ئانیشا زیاتر حەزی لە خواردنی دال بەهات (شۆربای دانەوێڵەی کوڵاو بە بەهارات) بووە. دەشڵێ هەر جارێک سەردانی هەولێر بکاتەوە، ڕوو لەو چێشتخانەیە دەکات.

بەم شێوەیە خواردنگە نیپاڵییەکەی عەنکاوە جگە لەوەی بووەتە هۆی ئاشنایەتیی خەڵکی هەولێر و میوانەکانی بە خواردنی ئەو وڵاتە ئاسیاییە کە لە جیهاندا ناوبانگێکی گەورەی هەیە و لە زۆربەی شارەکانی ئەورووپاشدا خواردنگەی نیپاڵی هەن، خواردنگەکە بووەتە شوێنی بەیەکگەیشتنی هاووڵاتیانی نیپاڵیش کە لە هەولێر دەژین و کار دەکەن.









## خانووەکەی سەیداوە و مانگاکەیان بۆ فرۆشت

# کیژە نەمساوییەکە پیاوە سپییەکەی دێوانە کرد

**هەژار مەجید**

ڕۆژگارێک بە پرچ و ڕیشە درێژ و ماشوبرنجییەکەی، بە چاویلکەیەکی ڕەش و جلێکی سپییەوە، دەتگوت سیمبولی ئاشتیی هەولێرییە، بە پیادە شەقامەکانی شاری تەی دەکرد، بە کەم دوویی و ڕووخسار و جلە جیاوازەکانی سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا.

ئەو پیاوە سپییە بە دکتۆر مێوان ناوی دەرکردبوو، ناوی خۆی زیاد قادر کەریم بوو، هەندێک کەس بە کاکە زیاد لادێییش ناویان دەبرد، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی (قەڕاتگە)ی دەڤەرەی بەڕانەتی لەدایک بوو بوو، دواتر ماڵیان گواستبووەوە گەڕەکی سەیداوەی هەولێرێ.

ئەبوبەکر قادر برا بچوکی دکتۆر مێوان بۆ (گلکەند)، چیرۆکی ژیانی براکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت، کاکە زیاد لادێیی منداڵێکی زیرەک و بزێو بووە، بەهۆی ئەوەی کوڕی گەورەی خێزانەکەیان بووە، لای دایک و باوکی زۆر بەناز بوو، لە تەمەنی لاویەتی دەست بەخوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە دەکات، هەمیشە هانی کەسە نزیکەکانی داوە گرینگی بەخوێندنەوە بدەن، دەشڵێت، زیاتر کتێبی ئەدەبی و ڕۆمانی دەخوێندنەوە. هەروەها باس لە سەرەتای چوونە قوتابخانەی براکەی دەکا و دەڵێ بەهۆی نەداری خێزانەکەیان، دایک و باوکی نەیانتوانییوە بیخەنە بەر خوێندن، بۆیە دەینێرن بۆ قوتابخانەی (خانەی نەجەوانانی هەولێر) کە تایبەتە بەمنداڵە کەمدەرامەت و بێ سەرپەرشتیارەکان، لەوێ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، قۆناغی ئامادەییش لە هەولێری کوڕان تەواو دەکات.

ئەگەرچی دکتۆر مێوان کۆنمرەی پۆلی شەشی ئامادەیی زۆر بەرز نابێت، بەڵام بڕیار دەدات بۆ درێژەدان بە خوێندنی زانکۆ، ڕوبکاتە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان، بۆ دابینکردنی پارەی پێویست، باوکی کاکەزیاد نیوەی خانووەکەی گەڕەکی سەیداوە، لەگەڵ مانگاکەیان کە سەرچاوەی داهاتی ئەو خێزانە بووە دەفرۆشێت، بەم شێوەیە ساڵی ١٩٧٧ کاکەزیاد بە ڤیزایەکی گەشتیاری دەچێتە ئوردن و لەوێشەوە دەچێت بۆ ڤییەنای پایتەختی نەمسا و لەوێ دەگیرسێتەوە.

ئەبوبەکر، لە گێڕانەوەی سەربووردەی براکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت، دوای ئەوەی پەیمانگای زمانی ئەڵمانی لەو وڵاتە تەواو دەکات، جارێکی تر تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی ئامادەیی دەکات و لە زانکۆی پزیشکیی ڤیەننا وەردەگیرێت، لە ساڵی یەکەمی خوێندنی لە زانکۆ، کاکە زیاد ڕۆژانە لەدوای دەوام بۆ پەیداکردنی بژێوی و خەرجیی زانکۆ، لەسەر شەقامەکانی ئەو شارە ڕۆژنامە دەفرۆشێت.

وەک ئەو ئاماژەی بۆ دەکات، خانەوادەی کاکەزیاد لە ماوەی ئەو ساڵەدا هیچ زانیارییەکیان لەبارەی کوڕەکەیانەوە نەبووە، بەڵام لە ساڵی دووەمی خوێندنی لە زانکۆ لەلایەن هاوڕێیەکی خۆی هەواڵی ئەوەیان بۆ دێت کە کوڕەکەیان لە وڵاتی نەمسا باری دەروونیی شێواوە، سەر شەقام و وێستگەکانی شەمەندەفەر دەبێتە شوێنی ژیانی، دواتر هاوڕێیەکی خۆی بەهەر ڕێگەیەک بێت دەیبات بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە نەمسا، بۆ ئەوەی چیی تر ئەو کوڕە هەولێرییە لەسەر شەقامەکان نەمێنێتەوە، ئەوانیش دوای تەواوکردنی مامەڵە یاساییەکانی ڕەوانەی بەغدای دەکەنەوە، بەڵام لەلایەن ئەمنی فڕۆکەخانەی بەغدا سەرجەم بەڵگەنامەکانی وڵاتی نەمسای لێ وەردەگیرێت و ڕەوانەی هەولێر دەکرێتەوە.

لەبارەی هۆکاری دەروون شێواوی کاکەزیاد، براکەی دەڵێت، چەند چیرۆکێکی جیاواز باس دەکرێت، بەڵام لە هەمووان ڕاستر کە خۆشی چەندین جار بۆی باسکردوون، کاکەزیاد عاشقی کچێکی نەمسایی دەبێت بەناوی (ئوشی)، کە لە زانکۆ هاوپۆلی دەبێت.

ئوشی و دکتۆر مێوان پەیوەندییەکی خۆشەویستی قوڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بەڵام وەک ئەبوبەکر قادر لە زاری براکەیەوە دەیگێڕێتەوە، دوای ماوەیەک هاوپۆلێکی دکتۆر مێوان کە کوڕە کوردێکی خەڵکی سلێمانی بووە، کچە نەمساییەکە قایل دەکات ببێتە هاوڕێی و لە دکتۆر مێوانی دەستێنێ.

کاتێک دکتۆر مێوان دەزانێ خۆشەویستەکەی وازی لێ هێناوە، تووشی پەژارە و خەمێکی گەورە دەبێت، ڕۆژێک زللەیەک لە ئوشی دەدات، پۆلیسی ڤیەننا لەسەر ئەوە دەستگیری دەکەن، خەمی لەدەستدانی کیژە نەمسایی و دەستگیرکردنەکەی دەبنە بارێکی قورس بەسەر دەروونی دکتۆر مێوانەوە و دواتریش دۆخەکەی ئاڵۆزتر دەبێت تا دەگات بە شێوانی دەروونی.

سەختیی ژیان یەخەی دوکتۆر مێوان بەرنادات، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر ساڵ لە دوای ساڵ بارودۆخی دەروونیی خراپتر دەبێت و لە ڕووی جەستەییشەوە هیچ توانایەکی نامێنێت، بەڵام لە خوێندنەوەی کتێب بەردەوام دەبێت، زیاتر کتێبی ئەڵمانی و ئینگلیزی دەخوێندەوە.

دوکتۆر مێوان، لە هەرچوار وەرزەکەی ساڵ بە قەمسەڵە و کڵاو و پانتۆڵ و پوتێکی سپییەوە دەردەکەوت، ئەبوبەکر دەڵێت، براکەی سەرسام بوو بەڕێکخراوی (UN) نەتەوە یەکگرتووەکان، جلی سپی و شینەکانی وەک دەربڕینی خۆشەویستی بۆ ئەو ڕێکخراوە دەپۆشی، هەمیشە پۆشتە و خاوێن بوو، دڵخۆش دەبوو کەسێک داوای لێ بکات کە فێری زمانی ئینگلیزی یان ئەڵمانی بکات، شیعری دەنووسی و چەند شیعرێکی بیانیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، گۆرانیی دەگوت و دەنگێکی خۆشی هەبوو، بەڵام لە ماڵەوەش گۆشەگیر بوو، ژوورێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، هەمیشە خۆی خواردنی بۆ خۆی ئامادە دەکرد و بەتەنهاش نانی دەخوارد، پێی وابوو خواردنی ماڵەوە پیسە.

لەبارەی دواساتەکانی ژیانی دوکتۆر مێوانەوە، براکەی دەڵێت، لەم ساڵانەی دواییدا لە ژیانی خۆی زۆر بێزار دەبێت، نەخۆشیی شەکرەی هەبووە، بەڵام بەردەوام شیرینیی زۆری دەخوارد، بەرزیی ڕێژەی شەکرەکەی گورچیلەکانی لاواز دەکات، دەرمانی بەکار نەدەهێنا، ئامۆژگاریی کەسی بەلاوە گرینگ نەبوو، تا نۆرە (جەڵدە)ی دڵ لێی دەدات و دوای سێ ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە، دوکتۆر مێوان لە ٣١ی ٨ی ٢٠١٨ کۆچی دوایی دەکات و چیی تر پیاوە سپییپۆشە لە شەقامەکانی هەولێر نەبینرایەوە.




بتشکێن



گۆران سەباح

# فەلسەفە، گەنج ئیفلاس دەکات

زۆر کتێبی فەلسەفیم خیندەوە. دوای چەندان ساڵ تێ گەیشتم، خیندنەوەی کتێبەیلی فەلسەفی هیچ سوودێکیان نییە بۆ گەنجان و هێزی کار. مخابن درەنگ تێ گەیشتم، لۆیە بە گەنجان دەڵێم: تکایە تخونی کتێبی فەلسەفی مەکەون و پارە و کات و وزەت بەفیڕۆ مەدە. بریا کاتی خۆی یەکێک ئەوهای گۆتبامێ.

لەباتیی فەلسەفە، ئەی گەنجی ڕوو ئاڵ و پڕ لە وزە، بڕۆ خۆت فێری زمانێکی بیانی بکە، فێری کارامەیییەک بە (سکیڵ skill).

زۆر گەنج دەبینم لە کوردستان، خۆیان خەریک کردووە بە فەلسەفە. کتێبەیلی فەلسەفی دەخیننەوە و هەر دەوی بکاتەوە دەڵێ فڵان فەیلەسووف ئاوا دەڵێ و فیسار وای گوت. خەمەکە ئەوەیە هیچیش لە فەلسەفە حاڵی نەبوونە و ناشبن. چما مامۆستاکانیان هیچ حاڵی بووینە لێی؟

لە ماوەی پێنج دەیەی بووریدا، ڕۆشنبیرانی مە وایان لە گەنجان گەیاندووە، کە ئیللا دەبێ فەلسەفە بخیننەوە، ئەوجە دەبنە بەشەر، دەبنە شت، موسەقەف دەبن. وا نییە، نەک سەرچیغ ڕۆیشتوون، تا سەر ئێسک هەڵەن. دڵنیاتان دەکەمەوە گەنجان: ئەگەر فەلسەفە نەخیننەوە و زمانێکی بیانی فێر بی، زۆر قازانج دەکەی. بڕۆ خۆت فێری پیشەیەک بکە، سەت قات باشترە. پێویست ناکات هیچ فەیلەسوفێک بناسی، ناوی هیچیان مەزانە، چونکە بزانی و نەزانی، هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت. هەر گەنجێک بە دوو فەلسەفە بکەوێت، ئیفلاس دەبێت. بڕۆ ببە بە وەستای سپلیت، ببە بە بۆڕیچی. بریا وام کردبا.

داوا لەو چاپخانە ناپڕۆفێشناڵانە دەکەم، چیی تر کتێبی فەلسەفی چاپ نەکەن. کتێبی زۆر باش و نوێ هەن لەسەر بزنس و کارامەیی و پیشەکان، ئەوان وەرگێڕن و چاپ بکەن. چیی تر بەقسەی ڕۆشنبیرەیلی بێ ئیش، گەنجان مەگەوجێنن و دەسخەرۆ مەدەن.

فەلسەفە بۆ نوخبەیەکە کە تێوەی گلاون، دەستوپێ سپینە و هیچ شتێکی دی نازانن و خۆیان پێیدا شۆڕ کردیتەوە. لە قسەی گەورە بترازێ، هیچی دییان پێ نییە. خەمەکە ئەوەیە، ئەوانەی خۆیان بە پسپۆڕ دادەنێن لە فەلسەفە بەسەقەتی تێی گەییون و بەسەقەتیش نەقلی دەکەن، تومەز بە عارەبییەکی شڕوپڕ دەخیننەوە، ناتوانن لە زمانی یەکەم فەلسەفە بخیننەوە، بشخیننەوە هەر تێی ناگەن.

دەوڵەت بە هێزی کار دروست دەبێت و بەڕێوە دەچێت نەک بەفەلسەفە. پیشە، کارامەیی و زمان دەتگەیەننە ئامانج، نەک فەلسەفە.

# دوکانی پیربالٚ قەساب



**پیشەوەر: پیربالٚ عومەر سەعید قەساب**
**ئامادەکردنی: سەباح پیربالٚ قەساب**
**شوێن: نزیک دەرگای بازاڕی گەورە، دەرگای کۆتری سەلام، ئێستا بووەتە بەهارات فرۆشی.**
**خەیالٚی وێنەکە: سالٚی ١٩٦٨**

پیربالٚ قەساب سالٚی ١٩١٢ لە قەلٚای هەولێر، لە گەڕەکی تۆپخانە لەدایک بووە. باوکی ئاسنگەر بووە، لە نزیک دەرگای قەلٚا لەناو بازاڕی قەیسەریی دارتاشەکان، بەلٚام هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خووی داوەتە پیشەی قەسابی لەگەلٚ هاوڕێیەکانی وەک ئەحمەد ئاغای قەساب، کاکۆ قەساب، ئیکرەم ئەبوشوارب، مستەفا قەساب و تۆپالٚ جەلال (لەگەلٚ ڕێزم بۆی ڕۆحیان شاد بەم ناوە ناسرابوو چونکە قاچێکی شەل بوو، تۆپالٚ بە تورکی واتە شەل)، هەروەها تەلٚعەت قەساب، عەبدولڕەحمان قەساب، ئیسماعیل قەساب، موحسین قۆجە قەساب و عەبدولواحید قەساب و زۆرانی تر.

ناوبراو یەکەم جار بەهاوبەشی لەگەلٚ چەند هاوڕێیەکی دوکانی قەسابییان کردووەتەوە لە ناو بازاڕی قەسابەکان، پاشان دوکانی تایبەت بەخۆی لەم شوێنە داناوە و ناسراوە بە پیربالٚ قەساب. پیاوێکی کاسب و قسەخۆش و ڕووخۆش بووە، لای هاوڕێکانی خۆشەویست بوو و ڕێزی لێ گیراوە، پاشان لە دەرگای بازاڕی بەرامبەر کۆتری سەلام دوکانی سێسووچەکە، دوکانی قەسابی کردووەتەوە، یەکەم جار دوکانەکەی ڕووی لە دوکانی عەلی زێڕنگر بووە، پاشان چووەتە دیوەکەی تر بەرامبەر قادر حاجی تۆفیق ئاسنگەر و سەید سەعید ئاسنگەر، لەم شوێنەدا گۆشتی فرۆشتووەتە دوکاندارەکانی دەوروبەری خۆی و خەلٚکانی تر، پاشان دوکانەکەی فرۆشتووە و لە تەیراوە بووەتە جیرانی خوالێخۆشبوو هادی قەساب و لەوێش بەردەوام بووە لە قەسابی، تاکو لە سالٚی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە، سێ کچ و چوار کوڕی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە (سوعاد، سەباح، نەبیهە، ئەسلی، فەرهاد، زیاد، خەسرۆ).

هەرچەندە پیشەی قەسابی پیشەیەکی توندە، بەلٚام لە هەمان کاتدا پیشەیەکە لە کۆنەوە لەناو زۆربەی کۆمەلٚگاکاندا باو بووە و هەبوونی ئەم پیشەیە پێویست بووە بۆ دابینکردنی خۆراکی گۆشت بۆ مرۆڤەکان و لە کاتەکانی خێر و سەدەقەدا زەروور بووە و کارامەیی لە پیشەکەیدا پێوە دیار بووە، ئەمەش لە چۆنیەتیی کوشتنەوە و سەربڕینی ئاژەلٚەکان و شێوازی پارچەکردنیان، چونکە هەر بەشێک لە ئاژەلٚ تامێکی جیاواز و سوودێکی تایبەتی هەبووە.

لەوانە دەبێت بزانرێت چۆن پیستەکەی کەولٚ دەکرێت بۆ ئەوەی دواتر بەکەلٚک بێت بۆ پیشەسازیی پێست و چۆنیەتیی پارچەکردنی بەشەکانی تری ئاژەلٚ و جیاکردنەوەی گۆشت و سەروپێ و هورگ و مومبار، بۆ ئەوەی تێکەلٚ و پێکەلٚ نەبێت و هەر بەشێک تام و چێژی تایبەتی و بەکارهێنانی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر جاریش لە کاتی بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەدوای قەسابی لێهاتوو گەڕاون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئاژەلٚەکەیان بۆ سەرببڕێت.

بەبیرم دێت مەیدانی ئاژەلٚفرۆشەکان لە نزیک منارەی چۆلی بوو، مەڕدارەکان بۆ فرۆشتنی ئاژەلٚەکانیان لەم شوێنە ئالٚوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنیان دەکرد، قەسابەکانیش کە ئاژەلٚیان دەکڕی هەریەکە و نیشانێکی تایبەت بەخۆیان لەسەر لەشی ئاژەلٚەکان دەنووسی و پاشان دەیانبرد بۆ ئەو خانانەی کە لە نزیک قەسابخانەی شار بوو کە دەکەوتە سەر ڕێگای مووسلٚ، ئینجا بەیانی زوو بەر لە مەلا بانگدان شوانی قەسابەکان ئاژەلٚەکانیان ڕاپێچ دەکرد بەرەو قەسابخانە و سەری ئاژەلٚەکان دەبڕدران و کەولٚ دەکران و پێستەکان بە جیا دادەنران و سەروپێیەکان بەجیا و ڕیخەلٚۆکیش بەجیا کە هەریەکە و بازرگانێکی تایبەتی هەبوو و سوودیان لەم پارچانە دەبینی و بزەوتی بازرگانیی پێوە دەکرا، هەبوو پێستەی چاک و خۆش دەکرد (وەک مام سەرخۆش) کە دوکان و خانەکەی لە ناو بازاڕ بوو بەرامبەر کەبابخانەی یاسین، ئەم پێستانەی ئامادە دەکرد بۆ چەندین جۆری پیشەی وەک دروستکردنی دەف و دەهۆلٚ و پێلٚاو و هەمبانە و هەندێکیش دەنێردرا بۆ شاری مووسلٚ و بەغدا و ئێران بۆ پیشەسازیی جۆراوجۆری تر، سەروپێیەکانیش بۆ چێشتخانەکانی سەروپێی بازاڕەکان، هەروەها لە مالٚەکانیش سەروپێ دروست دەکرا، کەلەشی ئاژەلٚەکانیش ئامادە دەکران و بە پیکاپی تایبەت هەریەکە و دەبردران بۆ خاوەنەکانیان و لە دوکانەکانی قەسابی پارچە دەکران و ئامادە دەکران بۆ فرۆشتن.

بێجگە لەم قەسابخانەیە کە سەربڕخانەیەکی نوێ بوو، شارەوانی و فەرمانگەی تەندروستی تا ڕادەیەک سەرپەرشتیی دەکرد، قەسابخانەیەکی کۆنتر هەبوو کە دەکەوتە شوێنی ئێستای پشتەوەی بازاڕی نیشتمان و ئەو کات پێی دەوترا بن لەیلوگان لەسەر گردەکەی نزیک گۆڕستانی چراخ و بەرامبەر دیواری پشتەوەی قەبرستانی شێخەلٚلٚا، ئەم قەسابخانەیە لە چاو قەسابخانە نوێیەکە بچووکتر و سادەتر بوو، بەبیرم دێت لە سالٚانی ١٩٦٠-١٩٦٢ لەم قەسابخانەیە کەلەشی ئاژەلٚ دوای ئامادەکردنیان بەسەر پشتی کەر دەگواسترایەوە بۆ ناو بازاڕ و دوکانەکانی قەسابی، نەورۆز قەساب یەکێک بوو لەو کرێکارانەی کە کەلەشی ئاژەلٚی بۆ دوکانی قەسابی باوکم دەهێنا و ئەم کرێکارانە پێیان دەوترا سەلاخ، واتە ئەم سەلاخانە ئاژەلٚەکانیان سەردەبڕی و پاکیان دەکردەوە پاشان کەلەشەکانیان بۆ قەسابەکان دەهێنایە دوکانەکانی قەسابی.

لە نێوان ئەم دوو گۆڕستانەدا بەستێک هەبوو کە ئاوی ناوچەکانی بنەسلٚاوە و سەیداوەی پێدا تێپەڕ دەبوو، ئەم بەستە لە هەردوو دیوی پردەکەی سەیداوە گۆمە ئاوی تیادا کۆ دەبووەوە و مالٚی گامێشەوانەکان لەوێ بوون، وەک مالٚی عەبدولٚلا عارەب و محەمەد حەسەن و ئەحمەد عەببۆش، ئەمانە گامێشیان بەخێو دەکرد و دەیانفرۆشتن بەقەسابەکان، بەبیرم دێت قەسابەکانی وەک باوکم و ئەکرەم ئەبوشوارب و ئەوانی تر گامێشیان لێیان دەکڕی و هەر لەوێ لە دەو بەستەکە سەریان دەبڕی پاشان لە نێو خۆیاندا بەشیان دەکرد و دەیانبرد بۆبازاڕ بۆ فرۆشتن، ڕێڕەوی ئەم بەستە بەردەوام دەبوو تا دەگەیشتە بن پردەکەی تەعجیل و دەڕۆیشت تاکو پردەکەی کە ئێستا پێی دەوترێ فلکەی بەتەمای خوای و نزیک مالٚ و خانەکەی عەبدولڕەحمان قەساب و بەناوچەی نزیک منارەی موزەفەرییە تێپەڕ دەبوو دواتر دەگەیشتە زەوییەکانی گوندی ڕەشکین کە بیستانەکانی چاندنی سلٚق و خاس و چەوەندەر و سلٚقەسۆر و تەماتە و خەیار و کەرەوز و تەڕەتوولە و زۆر جۆری تری سەوزەوات لەم شوێنانە سوودیان لەم ئاوە وەردەگرت.

# بەهۆی کوردایەتییەوە حکومەتی عێراق دەست بەسەر مالٚ و مولٚکی ئەفسەرێکدا دەگرێت

**د.سنوور سەباح**

حکومەتی عێراق بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی مالٚ و مولٚکی گوێزراوە و نەگوێزراوەی ئەفسەرێکی کوردی سوپای ولٚاتەکەیدا دەگرێت و فەرمانگەکانی موتەسەڕفیەتی هەولێر و تاپۆ و قایمقامیەتی کۆیەش، بە نووسراو یەکتر ئاگادار دەکەنەوە.


بەپێی نووسراوی ژمارە ١٠١٦ لە ڕۆژی ٢٦/١/١٩٤٦، کە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربازیی عورفیی هەولێر بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر نێردراوە، ئەنجوومەنەکە داوای بەدواداچوون و دەستبەسەرداگرتنی مولٚک و مالٚی بەکر کەریم (ڕەئیس بەکر) و پیرۆت مەرگەیی دەکەن، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان بەشۆڕشی کوردییەوە کردووە بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی.

بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆی هەولێر بەنووسراوێک، ئەنجوومەنی سەربازیی عورفیی ئاگادار کردووەتەوە، کە ڕەئیس بەکر و پیرۆت مەرگەیی هیچ مولٚکێکیان لە هەولێر بەناو نییە. قایمقامیەتی کۆیەش بە نووسراوێک ئەنجوومەنەکەی ئاگادار کردووەتەوە، کە ڕەئیس بەکر هیچ مولٚکێکی لە کۆیە بەناو نییە، تەنیا ٦١ پشکی لە ١٦٠ پشکی خانووی باوکی کۆچکردووی، لە گەڕەکی بەفری قەندی کۆیە، بە میرات بۆ ماوەتەوە.

قایمقامیەتی کۆیە دەستی بەسەر مالٚ و مولٚک (کەلوپەلی مالٚ)ی نەگوازراوەی ڕەئیس بەکردا گرتووە و، بە لیستێک ئەنجوومەنی سەربازیی عورفیی ئاگادار کردووەتەوە، کە کەلوپەلەکان بریتین لە:

دوو تەختەی نووستن، سەماوەرێکی گەورە، سێ ترمزی چای، جانتایەکی پێستی، سێ مافوور، سێ دۆشەک، عەلاقەیەکی جل، چادرێک، مێزێکی ئاسن، سێ مێزی دار، سێ کورسی، کورسییەکی حەیزەران، کورسییەکی ئاسن، دوو فەردە جۆ، دوو ئەسپی جیاواز، ٦٨ سەرمەڕ، ٦٥ سەربزن.

ڕەئیس بەکر (بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید حەوێزی)، لە سالٚی ١٩١٤ لە کۆیە لەدایک بووە. لە سالٚی ١٩٣٦ قوتابخانەی سەربازی بە پلەی مولازمی دوو تەواو کردووە و دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لەگەلٚ هەرسێ ئەفسەری تری ناسراو (مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی و عیزەت عەبدولعەزیز)، پەیوەندیی بەکۆمارەوە کردووە.


متصرفية لواء اربيل

# یەکەم کیژە بێژەری هەولێرێ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا

**نازم دڵبەند**

ئەگەر بچینە ناو مێژووی رادیۆی کوردیی بەغدا، دەبێ ئاماژە بە ساڵی ١٩٣٩ بکەین، کە راگەیاندنی کوردی چووەتە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش لە ڕێگەی راگەیاندنی بیستراوەوە، کە لەم ساڵەدا رادیۆی بەغدا بەشی کوردی کردووەتەوە، سەرەتاکەشی بە دە خولەک تا پازدە خولەک بەرنامەکانی دەست پێ کردووە، ئەم بەشە وردە وردە بەرەو پێشەوە چووە، تا لە ساڵی ١٩٧٣ فراوان کرا و ڕۆژانە نزیکەی شازدە کاتژمێر بە کوردی پەخشی دەکرد.

یەکەم بەڕێوەبەر و بێژەری ئەو رادیۆیەش کامیل کاکەمین بووە، لە دەستپێکی پەخشەکە گوتوویەتی "ئێرە بەغدایە".

ئەمەش وای کرد کە هەریەک لە (ئیبراهیم ئەحمەد، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، عەبدولقادر قەزاز، کەریم زانستی، عەبدولحەمید ئەتروشی و جەمال بابان) و قوتابییانی زانکۆی بەغدا و رۆشنبیر و هونەرمەندانی ئەو کاتە یارمەتیدەری بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە بن.


ساڵانێکیش نە هەموو ماڵێک لە هەولێرێ تەلەڤزیۆنی هەبوو، نە هەموو ماڵێکیش خوێندەوار بوون، ڕۆژنامە بخوێننەوە، ئەوەی هەبوو گوێگرتن بوو لە ڕادیۆی کوردی بەغدا، کە کاریگەری بەرنامەکانی لای هەموو گوێگرێکی کورد تام و چێژی خۆی هەبوو، بەتایبەت لە گوێگرتن لە بەرنامەکانی (ڕۆژێ لە ڕۆژان)ی مامۆستا (کەمال ڕەئووف محەمەد) و (تۆ و ئێزگە)ی کاک (عەبدوڵڵا عەباس)، بەڵام لەو هەموو داهێنانەدا گوێگرتن بوو لە دەنگی ئەو کچانەی لەم ڕادیۆیە گوێبیستی دەبوی شانازیی ژنی کوردمان پێ دەکردن لە پێشدا (نیهایەت جەلال) و (شیرین عەباس) و (خالیدە ئیبراهیم).

ئەمانە پێشەنگی دەنگی ئافرەتی کورد بوون لەم ڕادیۆیە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەنگی ئەو کیژە هەولێرییە (خالیدە خدر ئیبراهیم)، کە لە هەولێرەوە لە ساڵی ١٩٧٣ چووەتە ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، سەرەتا وەکو پێشکێشکاری بەرنامە، بەڵام لە دواییدا لەبەر لێهاتوویی خۆی بوو بەبێژەری هەواڵ، ئینجا بوو بەئامادەکاری بەرنامە و پێشکێشکاری بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەو بەرنامە کوردییانەی لە بەغدا تۆمار دەکرا و دەنێردرایە تەلەڤزیۆنی کەرکووک و پەخش دەکرا.



ئەو کاتانەی لە (ڕادیۆی کوردی بەغدا) کارم دەکرد، زۆرجار پێکەوە دەبووین، لەبیرمە جارێکی گوتی شانازی بەوە دەکات وەک کچە هەولێرییەک هاتووەتە ناو دونیای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، چونکە ئەو کچانەی کە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی عێراقی کار دەکەن بە دەگمەن خەڵکی (بەغدا)ن، زۆربەیان لە شارەکانی خوارووی عێراق هاتوون و شانازی بە شارەکانی خۆیان دەکەن، کە هاتوونەتە ناو ئەو دامەزراوە گرینگەی کە هەموو خەڵک دەیانبینی و گوێیان لە دەنگیان دەبێ، بۆ منیش وەکو کیژە هەولێرییەک شانازی بەو شارەی خۆم (هەولێرێ) نەکەم، کە من یەکێک بم لەناو ئەو مێژووە و خەڵکی ئەم شارە شانازیم پێوە نەکات.

ئەو کیژە بێژەرە بەتوانایەی هەولێرێ لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتاییی لە بەغدا و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی بەغدایە، لەمیانی کارەکانیدا لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بێجگە لە خوێندنەوەی هەواڵەکان، چەند بەرنامەیەکی پێشکێش کردووە، لەمانە: (چوار لاپەڕە) و (چاوپێکەوتن)، بەڵام ئەم بێژەرە ساڵی ١٩٨٧ بەیەکجاری ڕادیۆی کوردی بەغدای جێ هێشتووە و لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەشی زانستیی سیاسی زانکۆی (چادرچی) وەرگیراوە، لەژیاندا ماوە و خاوەنی دوو کچ و دوو کوڕە، ئێستا پەناهەندەیە و لە وڵاتی (سویسرا) دەژی.




# سەبریە قیتێ و مەنیج بەربووک

**گڵکەند**

ڕاستە لە شەستەکان هەولێر و هەولێرییەکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خەڵکێکی خۆپارێز بوون، بەڵام لە ڕووی پۆشینی جلوبەرگ بەتایبەت لەلای کچانەوە، بەدەگمەن کچێکی لەچەک بەسەرت لە قوتابخانە یان لە شەقام و فەرمانگە دەبینی، خێزانەکان دەچوونە سینەما بۆ بینینی فیلم، لە ڕادیۆ گوێیان دەدایە گۆرانییەکانی (فەرید ئەتڕەش) و (عەبدولحەلیم حافز) و شەوانەش (ئوم کەلسوم)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی لایاننەدەدا.

پەیوەندیی دڵداری و پیاسەی کوڕ و کچێک بەدزییەوە هەر زۆر کەم بوو، چونکە شارەکە گچکە بوو و هەموو خانەوادە شارستانەکان یەکتریان دەناسی، ڕەنگە ئەگەر پێ بزانرایە کارەساتی ئابڕووچوونی بەدواوە بوایە، هەتا لە نێوانی خزمایەتیشدا ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو کاتانەی کە خانەوادەیەک دەیانویست ژن بۆ کوڕەکەیان بێنن یان یەکێ بێتە داخوازیی کچەکەیان و لە دەرەوەی خانەوادە بێت، هانایان بۆ ئەو ژنانە دەبرد، کە پێیان دەگوتن (بەربووک) تا بچنە ئەو کۆڵان و گەڕەکەی ماڵی کچەکە یان هی کوڕەکەی لێیە، ئەمەش بەرامبەر دیارییەک، ئەم بەربووکە بەهۆی ناسیاوێکی یان هەندێ جار ئەو بەربووکانە (دەلالی زێڕ) بوون و بەم گەڕەک و کۆڵانانە دەسوڕانەوە و ناسیاویان لێ هەبوو، لە ماڵێک لایدەدا و دوای مامەڵە و مامەڵەکاری، دەچووە ناو سۆراغی ئەو کارەی بۆی هاتبوو، کە هەموو شتێکی بۆ ساغ دەبووەوە بەخراپ و بە چاک، ئینجا بە ڕاست و دروستی دەگەڕایەوە لای ئەو خانەوادەیە و هەمووی بۆ دەگێڕانەوە، دەمایەوە سەر ئەوەی ماڵی ئەو کچە کەنگێ دەچنە (حەمامی ژنان) هەتا ماڵی کوڕەش بچن لە نزیکەوە کچەکە بینن، بەتایبەت لە ڕووی لەشولارەوە، بۆ کوڕەکەش پیاوان بە دوای هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کاروکاسبی ئەودا دەگەڕان تا دڵنیابان ئەو کوڕە هی بەخێوکردنی ماڵ و ژنە.

ئەم نەریتە جوانە کۆمەڵایەتییەی هەولێرییان گەیشتە ئەوەی نووسەر و هونەرمەندان بیر لەوە بکەنەوە لە دوو توێی شانۆگەری و درامای تەلەڤزیۆنی نمایشی بکەن، لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئەو مەرامە هاتە دی و لەسەر شانۆی هۆڵی (گەل) شانۆگەریی (مەسەلەی شارێک) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) پێشکێش کرا. ناوەڕۆکەکەی ئەو نەریتە بوو کە لە سەرەوە باسم لێوە کردووە، ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی (مەنیج بەربووک) و (سەبریە قیتێ) و (فاتم)یان دەدیت ئەوانە ژنە ڕاستەقینەکان نەبوون، بەڵکو هونەرمەندان (سوبحی کۆیی) و (جەلال بەیار) و (سەلام کۆیی) بوون، زۆر سەرکەوتووانە لە یەکێ لە کۆڵانەکان وا چووبوونە ناو دەورەکانیان، هیچ ژنە ئەکتەرێک نەیدەتوانی ئەم ڕۆڵە ببینێ، هەرچەندە ئەوکات کچ و ژنە هونەرمەند لەسەر شانۆ زۆر دەگمەن بوو، لە هەمووشیان هاروهاجتر (سەبریە قیتێ) بوو، کە هونەرمەند (جەلال بەیار) ڕۆڵەکەی دەدی، ڕۆڵی ژنێکی شەڕانگێز و هاری لە کۆڵانێ دەدی، گەیشتبووە ئەوەی بەختی کچەکەشی ڕەش کردبوو، کە ماڵێک دەیانویست بچنە داخوازی و (مەنیج بەربووک)یان دەنارد، کە ڕۆڵەکەی هونەرمەندی جوانەمەرگ (سوبحی کۆیی) دەیدی، لە گەڕانەوەیدا (بەربووک) دەیگوت: وەڵاهی کچێکی باڵابەرزی جوان و بەحەیا و نامووس، بەڵام (سەبریە قیتێ)ی دایکی ژنە هاری گەڕەکی (عارەبان)ـە.

ناچار ماڵی داخوازیکار پەشیمان دەبوونەوە، ئەوەندەی ئەو کچە لەبەر دایکی دەپاڕایەوە حەقی لە کەس نەبێ و واز لەو شەڕانگێزی و هارییەی بهێنێ، هیچ سوودێکی نەبوو.


هونەرمەندی کۆچکردوو جەلال بەیار

ئەمەش دیاردەیەکی تری ئەم نەریتە بوو، کە زۆرجار لە گەڕەکەکانی هەولێرێ (ژنە بەربووکەکە) ڕووبەڕووی دەبووەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕاستگۆییی (ژنە بەربووکەکەی) پێشان دەدا، کە چەند بۆ کاری نێردەییەکەی دڵسۆز بووە و بە ئەمانەتەوە چاکی و خراپییەکانی گەیاندووەتەوە.

# ئەو ڕۆژەی ئەبو سەباح ڕێکلامی فیلمی (القلب له واحد)ی خستە سەر شانی






**نازم دڵبەند**

هەندێ دەسترەنگین و بەهرەدار لەم شارەدا هەن، هەرگیز لە بیر ناکرێن، بەتایبەت لە ڕۆژگارێکدا کە گەرمەی قاتوقڕی، شەڕ و ململانێی سەختی ژیان بوو، ڕەنگە بەلای زۆرینەوە نامۆ بووبێ تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەم بەهرانە و چوونە ناو دنیایەکی تری کۆمەڵگا، یەکێ لەو بەهرەدارانە لە سبەینێیەکی ساردی ناو خانووێکی قوڕ، لە زستانی ساڵی (١٩٣٥) لە گوندی (وەرێ)ی دەڤەری دڵڕفێنی (بێتواتە)، چاوی بەو هەموو هەڵکشان و داکشانەی ئەوێ ڕۆژێ هەڵهێناوە و ناویان لێ نا (محیەدین)ی کوڕی کاک (تاهیر) و نەوەی مام (کەریم)، بەڵام ئەو کە هەراش بوو، جۆرێک لە هێزی کارکردن و باوەڕبەخۆبوونی تیا دەبینرا، چونکە هەمیشە ویستوویەتی بەدەست و بازووی خۆی، خۆی بژیێنێ، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ (خانێ)ی خوشکی و هاوسەری (خانێ) و (تۆفیق)ی برای لە گوندی (وەرێ) بچنە بەغدا.

دوای دامەزرانی زاواکەیان لە بەغدا، (تۆفیق)ی براشی لە (حانوت)ێک کاری کردووە و خۆشی بووەتە نانەوا، (خانێ)ی خوشکی لە خۆیان دانابڕێ و هەموو پێکەوە لەو خانووە دەژین، کە زاواکەیان وەری گرتبوو، بەڵام ئەمە تەنها دوای ساڵێک بوو لە بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی (١٩٥٨) و ئەو کاتە دەگەڕێتەوە هەولێر و لە سینەمای (حەمرا) لە گەڕەکی خانەقا دەستبەکار دەبێ و هەر زووش سەوداسەری بەهرەی وێنەگرتن دەبێت، ئەوێ ڕۆژێش (کەمالەکەڕ) یەکێ بووە لە وێنەگرە دیارەکانی هەولێرێ لە پاڵ براکەی مامۆستا (جەمال داود)، ئەوە وا لە (ئەبو سەباح) دەکات زوو بە زوو سەردانی ستۆدیۆکەی (کەمال) بکات و ئەویش بایەخی پێ بدات و فێرە وێنەگرتنی بکات و کامێرای بداتە دەست و ببێتە (وێنەگری گەڕۆک)، هەر ئەو ساڵانەش بوو، ئەوەندە کەوتە بەر کاریگەری خۆشویستنی هونەرمەندی لبنانی (سەباح)ی گۆرانیبێژ، خەڵکی هەولێریش ئەوەندە خۆشیان دەویست، گەیشتە ئەوەی نازناوی (ئەبو سەباح)ی بەسەردا ساغ بکەنەوە، هەر ئەم عەشقەش بوو بۆ (سەباح) ساڵی (١٩٧٢) کاتێ ئەو خانمە هونەرمەندە هاتە عێراق و بەشداریی فیستیڤاڵی (بەهار)ی لە مووسڵ کرد، سەرەڕای نەبوونی و دەستکورتیی خۆی، بەڵام (ئەبو سەباح) دەچێتە مووسڵ و بەدیداری (سەباح) شاد دەبێ و بە جلی کوردییەوە لەسەر شانۆ وێنەی لەگەڵ دەگرێ و هەر ئەم تێڕوانینە جوانەشی دەبێتە هۆکاری ئەوەی بۆ بژێویی ژیانی ڕۆژانەی، هەموو ڕۆژێ تەختەی ڕێکلامی سینەما لەسەر شانی خۆی هەڵگرێ، وەکو خۆشی لە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیی من، کە لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەر لە (٤١) ساڵ بڵاوم کردووەتەوە گوتی "یەکەم جار فیلمی (القلب الواحد)م لە خۆشیی ژنە هونەرمەند (سەباح) خستە سەرشان، چونکە ئەو پاڵەوانی فیلمەکە بوو"، بێجگە لەمەش ئەو عاشقێکی پاکی دەنگی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) بووە و چەند جارێک بە نهێنی چووەتە ئێران بۆ دیدەنی و چەندین دانیشتنیان پێکەوە هەیە و (حەسەن زیرەک) لە هەندێ لە دانیشتنەکاندا ناوی (ئەبو سەباح) دێنێ.

(ئەبو سەباح) لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش دەچێتە دەرەوە و دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران دەبێ و لە ساڵی (١٩٧٦) لە شاری (شیراز) لە ڕۆژنامەیەک بەناوی (خەبەر نیگان) وەک وێنەگر دادەمەزرێ و ئەو وێنانەی ئەو دەیگرت لەو ڕۆژنامەیە بڵاو دەکرایەوە، یەکێ لەو وێنانەش گرتنی وێنەی ژنە هونەرمەندی شۆخ (گوگوش) بووە و لەم ڕۆژنامەیە بڵاو کراوەتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس (ڕەوەند کەریم) دەگێڕێتەوە: لە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٢، من منداڵ بووم قوتابیی قۆناغی سەرەتایی بووم ماڵمان لە گەڕەکی (خانەقا) لە حەساری (یوسف عارەب) بووین، هەشت ماڵ بوو، یەکێ لەو ماڵانە ماڵی (ئەبو سەباح) بوو و خانووەکەی ئەوان لە نهۆمی دووەمی حەسارەکە بوو، ئێمە دایکمان نەمابوو، بۆیە (دادە سوعاد) و (ئەبو سەباح) بۆ ئێمە بووبوونە دایک و باوک، وێنەگرێکی فۆتۆگرافی بێ هاوتا بوو، هونەردۆست بوو، لەوانەش خۆشتر وەرزشدۆستیش بوو و هاندەرێکی سەرسەختی تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی عێراق بوو، ئێوارانیش کە سەعات دەگەیشتە هەشت ڕادیۆ و مسەجەلێکی جۆری (ئایوا)ی هەبوو، هەمووومان لە ماڵی ئەوان کۆ دەبووینەوە و هەموو جارێکیش کۆمەڵە میوانێکی هەبوو گوێمان لە هەواڵەکانی (مۆنتی کارلۆ) و (دەنگی ئەمریکا) دەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ماڵەکانی حەسارێ تەلەڤزیۆنیان هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی (ئەبو سەباح) پیاوێکی خۆشەویست بوو و هەمیشە حەزی دەکرد میوانی هەبێ. یەکێک لەو دیمەنە جوانانەی (ئەبو سەباح) و (دادە سوعاد)م لەبیر ناچێتەوە، ئەو ڕۆژەی یاریی هەڵبژاردەی عێراق هەبووایە (ئەبو سەباح) ئاگای لە هیچ نەدەما، جارێکیان یاریی هەبوو، (دادە سوعاد)یش ئیشارەتی بۆ من کرد دەیگوت: سەیرکە بزانە چ گەمەیەک لەگەڵ (ئەبو سەباح) دەکەم.. پێی دەگوت: محیەدین هەندەک بڕۆ ئەولای ڕێیەکەت هەموو گرتییە، ئەویش نەختێک لە جێگاکەی خۆی دەجوولا، ئەوەندەی پێ دەگوت تا لە بەردەمی تەلەڤزیۆنەکەی لادەدا، ئینجا تووڕە دەبوو و دەیگوت: کچێ سوعاد ئەتو لۆ وازم لێ نایینی.

خانووەکەی ماڵی (ئەبو سەباح) بریتی بوو لە دوو ژوور، ژووری یەکەم دیوارەکانی هەر چوارلای وێنەی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) و خانمە هونەرمەندی لبنانی (سەباح) و زۆرانبازی عێراقی (عەدنان قەیسی) بوو.

خۆشم ساڵانێکی زۆر لەگەڵ (ئەبو سەباح) چ لە ژیانی فەرمانبەرێتی و چ لە بواری ڕۆژنامەنووسی پێکەوە بووین، چونکە هەمیشە لەگەڵ من بۆ کارە ڕۆژنامەنووسییەکان دەردەچوو و وێنەی زۆرینەی ڕیپۆرتاژەکانی من بەدەست و کامێرای ئەو بوون، بەڕادەیەک ئەوەندە حەزی لە هونەر بوو، لە شانۆگەرییەکان و دراماکان ڕۆڵی دەبینی، لەو یادەوەرییە خۆشانەی من لەگەڵ (ئەبو سەباح) ساڵی (١٩٨١) کاتێ لە قەڵاتی هەولێرێ ئەو دیدارە هونەرییەمان بۆ هونەرمەندی گەل مامۆستا (تایەر تۆفیق) بەدەست و کامێرای (جەبار غەریب) و دەرهێنانی هونەرمەند (ناسر حەسەن) تۆمار کرد، (ئەبو سەباح) یەکێ بوو لەو کارەکتەرانەی لە دیوەخانی چڕینی مەقامی (ساقیا) و بەستەی (چ بکەم جەرگم سووتاوە)ی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) دانیشتووە و ڕۆڵی قاوەچیی دیوەخانەکە دەبینێ.

لە کات و سەردەمی خۆشیدا چەند جارێک دیداری ڕۆژنامەنووسیم لەگەڵ ئەم پیاوە خۆشمەشرەبە کردووە، کە ئەمڕۆ لە هەندێ سایت بووەتە بابەت، ئێستاش لای من (ئەبو سەباح) هەر ئەو پیاوەیە تەنها بەوە تووڕە دەبوو ئەگەر جوێنیان بە ژنە هونەرمەندی لبنانی (سەباح) بدابایە، بە دڵنیاییەوەش ئەم جوێنانە هەر بۆ خۆشەویستیی (ئەبو سەباح) بوو و تووڕەبوونەکەشی چەند چرکەیەک بوو و هێور دەبووەوە، تووڕەکردنیشی هەر لەلای هونەرمەندەکانیشەوە بوو، بەڵام مخابن لە ڕۆژی (٢١/٨/٢٠٠١) ماڵئاوایی لە کامێرا و لە خانەقا و لە سینەمای (حەمرا) و لە هەموو خۆشەویستەکانی خۆی لە هەولێرێ کرد، بەڵام تا ئەو چرکەیەش (ئەبو سەباح) سیمبولی شارە.



ئیسماعیل بەرزنجی

## چ مەهزەلەیەکە

سەرۆکە ملیاردێرەکەی ئەمەریکا، کە نەمدیوە قەت پێ بکەنێت، لە دەستپێکی گوتارەکەیدا داوا دەکات لە تیکتۆک پشکی هەبێت، ئەگینا دای دەخات، هەروەها شەڕ بە پەنەماش دەفرۆشێت، جا وەرە چارەنووسی ملیۆنەها کەس لەبن دەستی زاڵمێکی ئەوها بێت.

حەماسی تیرۆریست و ئیسرائیلی چەتە، چ نەما بەیەکتری نەکەن، هەزاران خەڵکیان بە زیندی چاوان خستە ژێر گڵەوە، کەس نازانێت ئەو شەڕە بێ ئامانە بۆ هەڵگیرسا، ئێستاش داوای ئاشتی دەکەن.

دەرودراوسێکان، بەخوێنی سەری کورد تینوون، هەر ڕۆژەی سەرئێشەک دەنێنەوە تا ئەم میللەتە لە عەردی ببەنە خوارێ، کەچی ئێمە بەناچاری، لە وڵاتی خۆمان، پرسە بۆ مرۆڤکوژەکانی ئەوان دادەنێین.

جیاوازیی نێوان شیعە و بەعس، تەنیا بەدلەی زەیتوونی و ئەنگوستیلەی زیوی قاش گەورەیە، بزانە ڕۆژانە بۆ مەسەلەی مووچە چ بڕوبیانوویەکی پووچ دەهۆننەوە، کوردە حەیاتەکەش هەندێکیان بەرگرییان لێ دەکەن، سەدام کیمیابارانی کردین بەڵام مووچەی نەبڕین

هەرچی لەم دنیایەدا تەماشای دەکەیت، هەمووی لنگاوقووچە، بەشەریەت گیرۆدەی دەستی حاکمە زاڵمەکانن، ئەمە کەی لۆژیکە سەرۆکی گەورەترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیا، داوای پشک لە کۆمپانیای تیک تۆک بکات؟

کابرایەکی جوو بەناو بازاڕدا دەڕوات، فەڵەستینییەک دەیداتە بەرچەقۆ، یان فڕۆکەوانێکی ئیسرائیلی دەیان مووشەک لە باڵەخانەیەکی پڕ لە خەڵکی مەدەنی دەگرێت، ئەمە بڕانەوەی بۆ نییە و هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تا ئەم چرکەیە مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە هەیە، لە برسان دەمرێت و بژێویی ڕۆژانەی دەست ناکەوێت، ملیۆنەها کەس کە منداڵیشی تێدایە، بەدەست نەخۆشیی شێرپەنجەوە دەناڵێنن، کەچی ترەمپ بڕیاری دا لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بکشێتەوە و یارمەتییان لێ ببڕێت.

ژیان، لەسەر ئەم هەسارەیەدا هیچ مانایەکی نەماوە، کێشە لە دوای کێشە بەرۆکی مرۆڤایەتی دەگرێت، تاوانبارە هەرە گەورەکەش حاکمە زاڵمەکانن، ئێمەی قوڕبەسەریش کە پنتێکی یەکجار گچکەین لە نەخشەی ئەم جیهانەدا، لە هەموو لایەکەوە چەلب بووینە، هێشتا چلەی زستانە کە وڵاتێکی موسوڵمانی دراوسێمان ئاوی ڕووبارێکی لێ کەم کردووینەتەوە، یەکێکیشیان ڕۆژانە بەفڕۆکە دەمانکوتێتەوە.

## ئافرەتانی هەولێر ڕوو لە مەلەوانی دەکەن

# بەم زستانە مەلەوانگەکان جمەیان دێت



وێنە: زیرەکی دەستکرد

**کارزان کانەبی**

بەم وەرزی زستانە، مەلەوانگە نوێیەکانی هەولێر کە بەزۆری کەوتوونەتە ناو هۆڵەکانی وەرزشکردن و لەشجوانی، جمەیان دێت لە ئافرەتان.

چەند ساڵێکە ژمارەیەک مەلەوانگەی ئۆڵۆمپی و مۆدێرن لەناو شاری هەولێر کراونەتەوە، ئافرەتان و پیاوان لە تەواوی وەرزەکانی ساڵدا ڕوویان تێ دەکەن، لە کاتێکدا پێشتر لە کوردستاندا تەنها پیاوان بۆ دەربازبوون لە گەرمای هاوین، بەمەبەستی مەلەکردن ڕوویان لە حەوز و ڕووبارەکان دەکرد

فلۆر مەحموود ڕاهێنەری مەلەوانی تایبەت بە ئافرەتانە لەبارەی پەرەسەندنی مەلەکردن لە مەلەوانگەکاندا لە وەرزی زستان بۆ (گڵکەند) دەڵێ "مەلەکردن چیی تر تەنها بۆ خۆفێنککردنەوە نییە، بەڵکو وەرزشێکی گرینگە و ئێستا ئافرەتانیش دەیانەوێ بەشێوەی زانستی فێری مەلەکردن ببن، چونکە سوودێکی گەورەی بۆ لەشرێکی و تەندروستی هەیە". ئەو ڕاهێنەرە ئافرەتە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن لە مەلەوانگەکان بەزۆری بۆ مەبەستی فێربوونی مەلەوانی و مەلەکردنە، بەڵام بەشێکیان بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئێسک و پشت و کێشەکانی تری جەستەیانە، بەشێکی تریشیان بۆ بەهێزبوونی ماسولکەکان دێن کە خۆیان مەلەزانن.

هەروەها لە بارەی بەشداریی چالاکانەی ئافرەتانیشەوە، فلۆر پێی وایە کە ئێستا کۆمەڵگە پێشکەوتووە و ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان بەرز بووەتەوە و ئافرەتان لە هەموو کاتەکانی ڕۆژدا سەردانی مەلەوانگەکان دەکەن.

لاوین ڕەزاق کچێکی تەمەن ٣٢ ساڵە، لە یەکێک لە مەلەوانگەکانی هەولێر مەلە دەکات و دەڵێ هەموو ڕۆژێ سەردانی مەلەوانگە دەکات بۆ ئەوەی جەستەیەکی تەندروستی هەبێت و دەروونی ئارام بێتەوە، هەروەها بەلایەوە گرینگە لەشولارێکی ڕێکی هەبێت و لەم بارەیەوە مەلەوانی بەڕێگەیەکی باش دەزانێ.

لاوین لەبارەی گرینگیی مەلەوانییەوە خوێندوویەتییەوە و دەڵێ وەرزشکردن لە ناو ئاودا سوودی زۆری بۆ جەستەی ئافرەتان هەیە و ماسولکەکانی بەهێز دەکات، پێی وایە دەبێ ئافرەتان ئاگاداری تەندروستی و جەستەی خۆیان بن، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی خۆش بەڕێ بکەن.

لەلایەکی ترەوە مەولوود ئەسعەد ڕاهێنەری ئاستە جیاوازەکانی مەلەوانیی کوڕانە لە مەلەوانگەیەکی هەولێر، باس لەوە دەکات کە ئێستا لە هەولێر خەڵک هۆشیارییەکی زۆریان هەیە لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی وەرزشەوە، لەناویشیاندا مەلەوانی کە چیی تر خەڵک تەنها بە هاوین ڕووی تێ ناکەن، بەڵکو ئێستا لەم وەرزی زستانەشدا مەلەوانگەکانی کوڕان و کچانیش جمەیان دێت.

ئاماژەش بەوە دەکات کە مەلەوانگەکان لە ڕووی جۆرێتییەوە چاودێری دەکرێن و پاکوخاوێنیان پارێزراوە، بۆیە خەڵکیش دڵنیان لە بەکارهێنانیان، هەروەها پشکنینی تەندروستی بۆ تەواوی سەردانیکەرانیان دەکەن. هەروەها ستافی پیشەییش هەن کە سەردانیکەران لە خنکان دەپارێزن و خولی بەردەوامی فێرکردنی مەلەوانیشیان هەیە.



## شێرکۆ کەریم کاپتنی یانەی هەولێر:

# لە پێناو یانەکەم هەموو شتێکم ڕەت کردەوە

**کارزان کانەبی**

شێرکۆ کەریم ئەستێرە و گۆڵکاری یانەی وەرزشیی هەولێر چوار وەرزە بەرگری لە درێسی یانەی هەولێر دەکا و چەندین یانەی گەورەی لە پێناو ناوی هەولێر ڕەت کردووەتەوە، لە دیدارێکی (گڵکەند)دا دەڵێ یانەکەی لە هەڵبژاردەی عێراق خۆشتر دەوێ و نیازی وایە کاروانی وەرزشیشی هەر لێرە بە کۆتا بێنێت، بەڵام بەپێویستیشی دەزانێ کێشەکانی یانەکە چارەسەر بکرێن.

شێرکۆ کەریم ساڵی ١٩٩٦ لە پارێزگای کەرکووک لەدایک بووە، سەرەڕای ئەوەی ئەم وەرزە چەندین گرێبەستی لە یانە گەورەکانی عێراق بۆ هاتبوو، بەڵام لە پێناو ناوی هەولێر هەموویانی ڕەت کردووەتەوە.

ئەم هێرشبەرە لەم وەرزەدا لەگەڵ یانەی هەولێر حەفت گۆڵی تۆمار کردووە و پێنج گۆڵیشی دروست کردووە، ئێستا لەلایەن کاستی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراق چاودێری دەکرێت بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق.

شێرکۆ کە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر یانەی هەولێر و هاندەرانی وەرزشی ئەو شارە هەیە، باسی بارودۆخ و چارەنووسی وەرزشیی خۆی دەکات و دەڵێ خولی ئەستێرەکانی عێراق خولێکی بەهێزە و پڕ ڕکابەرییە، دەبێ لەم خولە پشوودرێژ بن، ئێستا لەگەڵ هاوڕێیەکانی هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ گەیشتن بە خانەکانی پێشەوە

لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر بتەوێ کێبەڕکێ بکەی، دەبێت تیپێکی تۆکمەت هەبێت و هەر کەموکورتییەک لە هێڵەکان هەبن، گرفت دروست دەبێت.

دەشڵێ ئێستا تیپەکەیان زۆر باشە، بەڵام هەندێک کێشەیان هەیە دەبێ چارەسەر بکرێن بۆ قۆناغی دووەم

لە بارەی ئەزموونی ئێستای کە لەسەر دەستی ڕاهێنەرێکی کورد مەشق دەکات، شێرکۆ باسی ڕاهێنەر سەمیر بابۆ دەکا و دەڵێ «ئێمە ڕاهێنەرێکی چاوکراوەی وەک سەمیر بابۆمان هەبێت، سەرەڕای ئەوەی ڕاهێنەری هیچ یانەیەکی گەورەی جیهانی نەبووە، بەڵام زۆر بەتوانایە و ئەگەر پشتیوانی بکرێ، هەولێر دەگەیەنێتەوە لووتکە. ئاماژە بەوەش دەکات کە لە پێناو گەیشتنی هەولێر بەلووتکە، گوێ بەوە نادات کێ گۆڵ دەکات کێ دەبێتە ئەستێرەی یارییەکان، تەنیا هەوڵ دەدات هەولێر براوە بێت.

لە بارەی هاندەرانی یانەکەشیەوە حەز دەکات هاندەرانی هەولێر بە یەک دەست ببینێت، هەموو هەولێر یەکپارچە درێسی هەولێر لەبەر بکەن و پێکەوە پشتیوانیی یانەکە بن.

خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**


کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (10), Sunday 16/2/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا